لەبەر چاوم سەری ئەو بێ ئەدەبە لە بەدەن جودا بکەرەوە. جەللاب تەشتی هێنایە بەر گەردنی شاهزادە، کراسەکەی لەبەر شاهزادە داماڵی، سەری خستە ناو تەشتەکەوە، خاڵە ڕەشەکەی سەرشانی دەرکەوت. وەختێ پادشا چاوی بەخاڵە ڕەشەکە کەوت هاواری کردو بێهۆش بوو. جەللاب وەستا تا پادشا هاتەوە هۆش خۆی. پادشاه ڕاست بووەوە شاهزادەی گرتە باوەش، ئەولاو ئەولای ماچ کرد، وتی: نووری چاوم، کەوشدرووی نائەسڵ منی بە دەردی تۆوە موبتەلا کرد. شاهزادە وتی: بابە، خەزێنەداری خائین منی بە دزی خەجاڵەت کرد. پادشا وتی: نووری چاوم لە ڕەفاقەتی نائەسڵان دوور بە. هەتا لە دونیا ژیانت مومکین ئەبێ ڕەفیقیی نائەسڵ و فیتنە مەکە. پادشا ئەمری کرد لیباسی پادشاهانەیان لەبەر شاهزادە هەڵکێشا و خەزێنەداریان بەداری سیاسەت کوشت. وەزیر وتی: ئەی پادشا، بۆیە ئەم میسالەم بۆ جەنابت هێنایەوە لە جەنابت ئاشکرا بێ زەڕنگەر لەو کەسانە نییە لایقی هاتوچۆ کردنی حەرەم بێ. پادشا وتی: بیستوومە لەپێشوونان وتوویانە هەرکەس ئێمە خۆشمان ویست سەری لە هەموو کەس بڵندتر ئەبێ. لوتفی ئێمە بەسەرشۆرستانا ڕابوێرێت وەک باغی بەهەشت ئەڕازێتەوە. قەهری ئێمە بەسەر بەردە ئەستێدا ڕابوورێت وەک مێو و ڕۆن نەرم ئەبێ. وەزیر بۆی مەعلووم کرا پادشاه بەقسەی ناکات، درێژەی بەقسە نەدا. چەند ڕۆژێ بەو جۆرە خەریکی نەقشکردنی کراسی بوو، تەکەببور لووتی بەرز بووەوەو دەستی زوڵمی بۆ ماڵی خەڵق درێژ کرد. تەسادوف موحتاج بوون بۆ گەوهەرێ لەسەر یەخەی کراسەکە دانرێ. نە لە خەزێنەی پادشا و نە لە دووکانی جەواهێر فرۆش دەس ئەکەوت. کابرای زەڕنگەر خەبەری زانی کچە بازرگانێ هەموو جۆرە جەواهێرات و بەردی بەقیمەتی هەیە. زەڕنگەر جوابی نارد بۆ کچە بازرگانەکە میقدارێ جەواهێراتی بۆ بنێرێ. کچەکە وتبووی جەواهێراتم نییە. زەڕنگەر خەبەری بە کچی پادشا دا کچە بازرگان دوڕو جەواهێراتی نایابی هەیە ئەمر بفەرموو بیهێنن یا بەهیمەت یا بەقیمەت، ئەوەی قابیلی کراسەکەی بێ لێی ئەسێنین. کچی پادشاه ناردی کچە بازرگان و جەواهێراتەکانیان حازر کرد، هەرچەند گەڕان بۆ گەوهەرێ قابیلی کراسەکە بێ نەبوو. کچەکە سوێندی خوارد لەوە زیاتر نیمە. زەڕنگەر وتی: بە چاوی خۆم دیومە، درۆ ئەکات. ئەمر بفەرموو بە لێدان لێی بسێنن. نیهایەت ئەوەندە دارکارییان کرد کچەکە لەژێر دارا ڕۆحی دەرچوو. خەبەر و هاوار گەیشتە لای وەزیر. وەزیر مەسئەلەی لەسەر کاغەز نووسی بردیە پێش دەمی پادشا داینا. پادشا لەو مەسئەلەیە زۆر عاجز بوو، ناردی بازرگانیان هێنا و خوێنی کچەکەی تەسلیم کرد و دڵخۆشیی بازرگانی دایەوە و کچەکەی خۆی لەبەر

چاو ناشیرین بوو، ئەمری کرد جارێکی کە نەیەتە پێش چاوم. زەڕنگەر لە ترسی پادشاه فیراری کرد. موددەتێکی پێ چوو دایکی کچەکە ڕووی کرد بۆ سەیران، جێگەیەک بوو ناوی (چوارباغ) بوو، ژنی پادشا و کچەکە ڕۆیشتن بۆ چوارباغ. تەسادوف زەڕنگەر خەبەری زانی کچی پادشا ڕووی کردووە بۆ چوارباغ، خۆی گەیاندە کچەکە. کچەکە وتی: ئەی پیسی گڵاو، نزیکم مەکەوە. لە پیسی تۆوە لەخۆشەویستیی باوکم دوورکەوتمەوە. زەڕنگەر ڕووی کردە چۆڵ، ڕۆیشت، شەوی بەسەراهات. چاڵێ بۆ گرتنی حەیوانات هەڵکەنرابوو، زەڕنگەر کەوتە ناوی. میقدارێ حەیوانات کەوتبوونە چاڵەکەوە، لەبەر ئازاری خۆیان ئاگەهداری زەڕنگەر نەبوون، هەتا ڕۆژ هەموویان لەناو چاڵەکەدا مانەوە. تەسادوف ڕۆژ هەڵهاتبوو سەیاحێک ڕێگەی کەوتە سەر ئەو چاڵە، تەماشای کرد بەنی ئادەمێ و میقدارێ حەیوانات لەناو ئەو چاڵە دا حەپس کراون، فکری کرد بۆ ئەجری قیامەت نەجاتیان بدات. گوریسی خستە ناو چاڵەکەوە، ئەووەڵ مەیموون سەرکەوت. دووەم بەبر سەرکەوت. سێهەم مار سەرکەوت. دوعایان بۆ سەیاح کەوت، وتیان بەم پەلەپەلە ئەجری تۆمان بۆ نادرێتەوە. مەیموون وتی: جێگەی من بەو شاخەوەیە کە پشت شار کەوتووە هەر وەخت تەشریفتان هات، ئەوی ئیقتیدارم بێ قوسوور ناکەم. بەبر وتی جێگەی من لەچوارباغە. هەر وەخت تەشریفتان هات، ئەوی ئیقتیدارم بێ قوسوور ناکەم. مار وتی: جێگەی من لەناو شارایە لەبن گوێسوانەی ماڵێک کە ماڵی پادشایە، هەر وەخت تەشریفت هات، ئەوی بزانم قابیلە پێشکەشی جەنابتی ئەکەم. مار وتی: ئێستا بۆ چاکە ئامۆژگاریت ئەکەم لەقسەم دەرمەچۆ، ئەو کابرایە کە لەناو چاڵەکە دایە، نەجاتی مەدە. وەمن ڕەفاقەتم کردووە میقداری هەشت سەعات، بۆم مەعلووم بووە زۆر نائەسڵ و ڕەوشت خراپە، جەزای چاکە بە خراپ ئەداتەوە. ئەگەر نەجاتی بدەیت پەشیمانیی لە شوێن دێت. حەیوانەکان دوعاخوازییان لە سەیاح کرد، هەریەکە چوونەوە جێگەی خۆیان. سەیاح بەقسەی مار قانیع نەبوو، گوریسی داهێشتە ناو چاڵەکەوە زەڕنگەری نەجات دا. زەڕنگەر وتی: ئەی سەیاح ئەگەر تەشریفت زەحمەت بکێشێ بۆ ماڵی ئێمە هەتا مردن لە خزمەتت قوسوور ناکەم. ئەمما ئێستا ڕێگەم لەبەرە. دوو ڕۆژی کە ئەگەڕێمەوە. ئومێد ئەکەم بە خزمەتت بگەم. دوعا خوازییان لەیەک کرد. هەریەکە ڕوویان کردە ڕێگەیەک. لەولاوە چەند ئومەرایەک ڕجایان لە پادشا کرد لەگەڵ کچەکەی ئاشت بێتەوە، بێ فائیدە بوو. تەسادوف کابرای سەیاح چەند شارێ گەڕا، میقداری سێسەد درهەمی پەیدا کرد، گەڕایەوە بۆ شاری حەڵەب. لە ترسی پیاو خراپ شەو بە ڕێگەدا ئەڕۆیشت. لە ڕێگە



تووشی میقداریێ دز بوو. دزەکان سەیاحیان ڕووت کردەوە، دەست و قاچیان بەست، لەو سەحرایە دا جێیان هێشت. وەختێ ڕۆژ بووەوە دەستی کرد بە هاوار کردن. مەیموونەکە بۆ خواردن ئەگەڕا، دەنگی سەیاحی ناسی، ڕۆیشت بە هاواریەوە، وتی: ئەی ساحێب وەفا بۆچ دەست و پێت بەستراوە؟ سەیاح بەیانی ئەحواڵی خۆی بۆ کرد. مەیموون وتی: خەفەت مەخۆ، من ئەشیاکانت بۆ ئەدۆزمەوە. وەرە لەگەڵ من. مەیموون سەیاحی برد، خانوێکی لە پووش و دار دروست کردبوو، سەیاحی دانا و خۆی ڕۆیشت. تەسادوف دوچاری دزەکان بوو، لەسەر کارێزێ خەویان لێ کەوتبوو. مەیموون لە ئەووەڵەوە ئەشیای دزەکانی کۆ

کردەوە، کیسە پارەکەی دۆزییەوە، دەریهێنا، بردی لە جێگەیەک شاردیەوە. بە دوو سێ جار هەرچی ئەسبابێ بوو لە دزەکانی دزی، شاردیەوە. مەیموون بۆ تەماشا کردن چووە سەر دارێ. وەختێ دزەکان خەبەر بوونەوە، وەک گورگی هار بەئەترافی خۆیانا بۆ ئەشیاکان ئەگەڕان، تەماشایان کرد شوێن قاچی بەنی ئادەم دیار نەبوو. وتیان: مومکینە ئێرە جێگەی شەیاتین بێ، وەستانمان لەم جێگەدا چاک نییە. دزەکان ڕۆیشتن. مەیموون ڕۆیشت سەیاحی بردە سەر ئەشیاکان، ئەوی ئەشیای خۆی بوو هەڵیگرت. ڕووی کرد بۆ حەڵەب. لەنزیک شار دوچاری بەبر بوو. سەیاح لەترسا وەستا. بەبر بانگی کرد: ساحێب وەفا، فەرموو چاکەت بدەمەوە. سەیاح ڕاوەستا. بەبر وتی: سەبر کە هەر ئێستا بە خزمەت ئەگەم، ڕووی کرد بۆ چوارباغ. تەسادوف کچەکەی پادشا کراسەکەی لەبەر کردبوو بەناو باغەکەدا ئەگەڕا. بەبر هەڵمەتی دایە، کچەکەی خنکاند و کراسەکەی داماڵی، بردی لەپێش دەمی سەیاح داینا. سەیاح لە تەماشاکردنی جەواهێراتی کراسەکە تەحەییور ما، فکری کرد: ئەم کراسە بەرمە لای ئەمینداریێ وردەوردە بیفرۆشێت و سەرفی ژیانی بکەم. بەو فکرە ڕووی کردە شار، ڕێگەی کەوتە ماڵی زەڕنگەر. لەولاشەوە خەبەری کوژراویی کچەکە گەیشتە دەم پادشاه. ئەمری کرد بۆ گەڕاندنی قاتیلی کچەکە، وە زەڕنگەر خەبەری کوژراویی کچە پادشای بیست. وەختێ سەیاح داخڵ بە ماڵی زەڕنگەر بوو بەخێرهاتنی سەیاح کرا. بەیەکەوە دانیشتن زەڕنگەر وتی: ساحێب وەفا، لەو وەختەوە بەخزمەت جەنابت گەیشتووم تا ئێستا ئەوەندەم دەست نەکەوتووە پێشکەشی جەنابت بکرێت. سەیاح وتی: خودا ئەوەندەی ناردووە هەردوکمان تا مردن بیخۆین نابڕێتەوە. کۆڵەکەی کردەوە. وەختێ زەڕنگەر چاوی بە کراس کەوت لە خۆشییا حەیاتی تازە بووەوە، وتی: ڕەفیق، قیمەتی ئەو کراسە تەواو نابێ. تۆ بە سەلامەتی لێرە دانیشە. ئێستا قیمەتی مەعلووم ئەکەم، دێمەوە. زەڕنگەر دڵی خۆش بوو. وتی: فرسەتە، پادشاه لەمن عاجز بووە، وە ئێستا کراسەکەی بۆ ئەبەم، دڵی لەگەڵ من ئاشت ئەبێتەوە. زەڕنگەر چووە خزمەت پادشا، وتی: شاهم، قاتیلی مەلەکەی مەرحووم لای من گیراوە و کراسەکەم هێناوەتە خزمەتت. ئەمر بفەرموو قاتیلەکە بێنن بە داری سیاسەت بکوژرێت. پادشا ناردی سەیاحیان لە ماڵی زەڕنگەر بردە دەرەوە و داخڵ بە خزمەت پادشا کرا. وەختێ سەیاح گەیشتە خزمەت پادشا، ڕووی کردە زەڕنگەر، وتی: قیمەتی کراسەکەت مەعلووم کرد و ئەجرت دامەوە؟ پادشا وایزانی گوناهکارە، ئەمری کرد بۆ سیاسەت بە ئەترافی شارا بیگێڕن و لە زیندان حەپس کرێ تا تەعزیەی کچەکەی تەواو ئەبێ بیکەن بە دارا، تیرە

باران کرێ. لەسەر ئەمری پادشا سەیاحیان بە ئەترافی شارا گێرا. تەسادوف مار چاوی پێ کەوت سەیاح بەدەست جەللابانەوە حەپسە. مار دوای کەوت تا داخڵ بە زیندان کرا. وەختێ سەیاح خرایە زیندانەوە، مار چووە لای وتی: ڕەفیق، ئەووەڵ ڕۆژ ئامۆژگاریم نەکردی: چاکە لەگەڵ نائەسڵ مەکە، بەقسەت نەکردم؟ سەیاح وتی: سەد قات لەمە زیاتر سیاسەتم پێ بکرێت قابیلم چونکە قسەی ئامۆژگاریم شکاندووە و ئێستا چارەم نییە. مار وتی: حەقی چاکەت لای من هەیە، لازمە بیدەمەوە. دوێنێ داومە بە دایکی پادشاوە، هەموو حەکیمان عیلاجیان بۆ ناکرێ، دەرمانی بەو چڵەگیایە ئەکرێ ئەوا نامە پێش دەمت. دوعا خوازیی کرد ڕۆیشت، بەزوبانی حاڵ لەسەربانی پادشا بانگی کرد: دەرمانی دایکی پادشا لای سەیاحی بێ گوناهە کەلە زیندان حەپس کراوە. لەو وەختەدا پادشا لەژوور سەری دایکی دانیشتبوو، ئەمری کرد بزانن چییە، بچن سەیاح لە زیندان دەربێنن سەیاح برایە خزمەت پادشا، چڵەگیاکە و میقدارێ شیر دەرخوارد دایکی پادشا درا، چاک بووەوە. سەیاح قسەی ئەووەڵ و ئاخری بۆ پادشا بەیان کرد. وەختێ ڕۆژ بووەوە زەڕنگەر لەبن سێدارەکەدا وەستابوو چاوەڕێی خنکاندنی سەیاحی ئەکرد. لەتەرەف پادشاوە ئەمر کرا زەڕنگەر لە جێگەی سەیاح بەدارا بکرێت. جەللاب زەڕنگەری گرت، کردیان بە داری سیاسەتدا و تیرە باران کرا، دنیا لە ژیانی بەدئەتواری خاڵی کراو لاشەی فڕێ درا. زەڕنگەر لەسەر فەساد و خراپی بە جەزای خۆی گەیشت، کچی پادشا لەسەر زوڵمی خراپ بەچنگ بەبرەوە کوژرا. وە ئەگەر پادشا ساحێب حیلم نەئەبوو بە تەدبیری چاک کاری دروست نەئەبوو. بۆ هەموو کەس لازمە ڕێگەی نائەسڵ و فیتنە نەدات و قسەی خۆی بۆ هەموو کەس بەیان نەکات.

نەسیحەتی چواردەهەم

ڕازی بوون بە قەزاوقەدەر و سەبرکردن لە ژێر بەڵادا

دابیشلیم وتی: لە مەعنای وەسیەتی سیازدەهەم گەیشتم. ئومێد دەکەم بەیانی وەسیەتی چواردەهەم، ئاخر فەرموودەی جەنابتە، بە درێژی بەیان بفەرموویت. زۆر تەسادوفی کردووە چەند عاقڵان بۆ نانێ موحتاج بوون و چەند کەم عاقڵان لەناز و نیعمەتدا غەرق بوون. مەعلوومە سیڕی ئەو ئیشە لە خودا زیاتر بۆ کەس دەرک نەکراوە. برەهمەن فەرمووی: ئەسبابی ژیان ڕۆژی ئەزەل تەقدیر کراوەو، هەرکەس بە واسیتەی سنعەتێکەوە نان پەیدا ئەکات و، هەرکەس بەواسیتەی تەمەعێکەوە تووشی بەڵا ئەبێت

و، هەرکەس بە واسیتەی نەخۆشییەکەوە تووشی مردن ئەبێ. ئەگەر قەدەر نازڵ بوو نەقووەت نەدەوڵەت نەعەقڵ هیچیان بەکار نایەت. هەروەک کوڕە پادشا لە دەروازەی شاری نەستووری نووسی، هەتا ئێستا بۆ یادگار ماوە.

دابیشلیم پرسیی: چۆن بووە؟

حیکایەت

بڕەهمەن وتی: ئەگێڕنەوە لە ڕۆم پادشایەکی گەورە بوو. ئەو پادشایە دوو کوڕی بوو، زۆر ساحێب عەقڵ و مەعریفەت بوون. وەختێ پادشا ئەمری خودای کرد کوڕە گەورە لەجێگەی دانیشت. کوڕە بچووکی لەبەر ئەوەی مەحرووم مایەوە، تەرکی وەتەنی کرد. لەڕێگە تووشی جوانێ بوو زۆر بەئەدەب و ساحێب جەماڵ بوو. شاهزادە فکری کرد لەگەڵ ئەو جوانە مەراقی غەریبی بەباد بدات. هەردوکیان بوون بە ڕەفیق. ڕۆیشتن، ڕێگەیان کەوتە شارێک. کوڕە بازرگانێ زۆر عەقڵدار و زیرەک بوو، بوو بە ڕەفیقیان. هەرسێکیان کەوتنە ڕێگە، چوونە دێیەک. کوڕە فەللاحێ ئارەزووی ڕەفاقەتیانی بوو، لەگەڵ ئەویش بوون بە ڕەفیق. هەر چواریان ڕۆیشتن بە ڕێگەدا تا داخڵ بە شاری نەستوور بوون. قەراریان دا تا موددەی یەک حەفتە نەچنە دەرەوە. لە ئەترافی شارەکە جێگەیەکیان دۆزییەوە کردیان بە مەسکەنی خۆیان بۆ نووستن. تەسادوف هیچیان پارەیان نەبوو سەرفی کەن. یەکێکیان وتی: ئەی ڕەفیقینە ئێمە خەرجیمان نییە سەرفی بکەین. لازمە بۆ خەرجی پەلەپەلێ بکەین تا لەبرسا نەمردووین. شاهزادە وتی: تەقسیماتی ڕزق بە دەست خودایە. ئەوەی بەنسیب بووبێ بۆمان ئەنێرێ. لازم بە پەلە ناکات. کوڕە جوانەکە وتی: کەسێ کە حوسن و جەماڵی جوانی بێ ڕوو بۆ هەر جێگەیەک بکات دەست نانێن بە ڕوویەوە. کوڕە بازرگان وتی: سەرمایەی ژیان کەسابەتە. کەسێ کاسب بوو موحتاجی نایەتە ڕێگەی. فەللاح وتی: سەرچاوەی ئاڵتوون زەراعەتە. کەسێ فەللاح بێ موحتاجی نایەتە ڕێگەی. یەکێکیان وتی: لەم قسانە هیچ دەست ناکەوێت، چاک وایە هەریەکە بە کارێک خەریک بین. وتیان: شاهزادە گەورەیە، هەرچی ئەمر بفەرمووێت کردنی چاکە. شاهزادە وتی: من لەسەر قسەی ئەووەڵم، وەئێوە ئەفەرموون بە جوانی وەیا بە بازرگانی وەیا فەللاحی نان پەیدا ئەبێت. ئینکار ناکەم. ئەگەر قەزای خودا هات پەردە بەسەر جوانییاو، زەرەر بەسەر بازرگانییا و، فەوتانن بەسەر فەلاحەتدا ئەدان. لازمە ئێمە بە قەزای خودا ڕازی بین، هەروەک کابرا فەللاحەکە بە قەزا ڕازی بوو مەتڵەبی دەست کەوت.

ڕەفیقەکانی پرسییان: چۆن بووە؟

حیکایەت

شاهزادە وتی: ئەگێڕنەوە لە شاری ئەندەلوس کابرایەکی فەللاح بوو، دیواخان و موسافیرخانەی بۆ میوان کردبۆوە، شۆرەتی ناندانی بڵاو بووبوەوە. فەلاحەتی ڕوو لەتەرەقی بوو. پارەی نەقدی گەیشتە سێسەد دینار ئاڵتوون. ڕۆژێ سەرحیسابی پارەکەی ئەکرد، لەناکاو ڕەفیقێکی بانگی کرد. فەللاح پارەکەی خستە ناو گۆزەوە. لەگەڵ ڕەفیقەکەی ڕۆیشت. تەسادوف ژنەکەی گۆزەکەی هەڵگرت ڕۆیشت ئاو بێنێت. لە ڕێگە تووشی شوانێ بوو، وتی: ئەی شوان، ئەو گۆزەیە بەرە پڕی کە لە ئاو بۆم بێنەرەوە. شوانەکە گۆزەکەی وەرگرت، ڕۆیشت. لە ڕێگە گۆزەکەی لار کردەوە، کیسە پارەیەک کەوتە خوارەوە. شوان کیسەکەی هەڵگرت. لە خۆشییا گۆزەکەی فکر نەما، وتی: چاک وایە ڕوو بکەمە وەتەنی خۆم بە ئیسراحەت ئەو پارەیە بخۆم، بەو فکرە ڕۆیشت، کوڕێکی بوو هەڵیگرت، ڕوویان کردە ڕێگە. دیسان فکری کرد مومکینە لە ڕێگە دوچاری پیاو خراپ ببم پارەکەم بە زۆر لێ بسێنن. چاک وایە بچم گایەک بکڕم و پارەکە بهاوێژمە قوڕگیەوە. هەر وەخت گەیشتمە ماڵەوە گاکە سەرئەبڕم پارەکە دەردێنم. ڕۆیشت گایەکی سەند بە دوازدە درەم، پارەکەی بە زۆر ئاخنیە قوڕگیەوە. ڕوویان کردە ڕێگە، فکری چوو نان بکڕێت. بۆ نان کڕین گەڕایەوە، کوڕەکەی بە دیار گاکەوە جێهێشت. تەسادوف فەللاح چاوی بە گا کەوت، فکری کرد بۆ قوربانی چاکە و موعامەلەی لەگەڵ کوڕە شوان کرد. بە شازدە درهەم گای کڕی بردیە ماڵەوە. فەللاح فکری بوو پارەکە لە گۆزەکە دەرکات، لە جێگەیەکی کە قایمی کات، تەماشای کرد گۆزە نەبوو، لە ژنەکەی پرسی: گۆزەکە لە کوێیە؟ ژنەکە مەسئەلەی بۆ فەللاح گێڕایەوە. فەللاح هەناسەی هەڵکێشا و شوکرانەی خودای بەجێهێنا، ڕازی بوو بە قەزای خودا، ڕۆیشت گاکەی دا بە زەوییا، کردی بە قوربانی، گۆشتی گای پارچە پارچە کرد گەیشتە گەردەملی، پارەکەی دۆزییەوە، لە خوێن پاکی کردەوە، ژماردی سیازدە درەمی کەم بوو. شەرتی کرد جارێکی کە لەخۆی دوور نەخاتەوە. ژنەکەی وتی: عەیبە بەو جۆرە ماڵ خۆش ویستن. لە فکرت چووەوە لەقوڕگی گا هێناتە دەرەوە. بۆت مەعلووم بێ هەتا ماڵی تۆ بێ بۆ کەس ناخورێت. فەللاح وتی: مەعلوومە هەرکەس موحافەزەی ماڵ نەکات و پارەی خۆش نەوێت بە ساحێب پارە نابێ. ژنەکە بێ دەنگ بوو، فەللاح پارەکەی بەستە پشتی. ڕۆژێ فەللاح غوسڵی کرد و

پارەکەی جێ ما، ڕۆیشت. لە دوای ئەو شوانێک گەیشتە سەر ئەو کارێزە حەیوانەکان ئاو بدات، تەماشای کرد کیسە پارەیەک کەوتووە، هەڵیگرت، حەمد و سەنای خودای بەجێهێنا، فکری کرد چاک وایە دەست بۆ ئەو پارەیە درێژ نەکەم و بۆ ڕۆژێکی لێقەومان بەکار دێت، بە شوانیی خۆم خەریک بم. لەولاوە فەللاح کە زانیی پارەکەی نەماوە، ڕای کردە سەر کارێزەکە، میقدارێ گەڕا، پارەی نەدۆزیەوە. بە نائومێدی ڕووی کردەوەماڵەوە قسەی بۆ ژنەکەی کرد. ژنەکە وتی: قسە لە قەزاوقەدەر ناکرێ. فەللاح ڕازی بوو بە قەزای خودا، شوکرانەی زۆری کرد، وتی: هەتا بە ڕۆح زیندووم ماڵ پاشەکەوت نەکەم. ماڵێ بەم جۆرە ساحێب مەراق بێ خواردنی لە هەموو شتێک چاکترە. تەسادوف ڕۆژێ کابرای شوان دوچاری میقدارێ سوار بوو، لە ترسا پارەکەی فڕێ دایە ناو بیرەوە، شوێن حەیوانەکانی کەوت، ڕۆیشت. لەدوای شوان کابرای فەللاح گەیشتە ئەوێ، مێزەرەکەی کەوتە ناو بیرەوە. فەللاح چووە ناو بیرەکەوە، پارەکەی دۆزیەوە، ڕۆیشتە ماڵەوە، خەبەری بە ژنەکەی دا. دەستی کرد بە سەرف کردن. میقداری دووسەد دیناری سەرف کرد. کابرای شوان بۆ سبحەینێ چووە سەر بیرەکە، هەرچەند گەڕا پارەکەی نەدۆزیەوە. وەک تەعزێدار دایم عاجز بوو. ڕۆژێ بۆ نان خواردن ڕێگەی کەوتە ماڵی فەللاح. لەپاش نان خواردن فەللاح سوئالی کرد: بۆچ ئەوەندە عاجزیت؟ کابرای شوان وتی: میقداری سێسەد دینارم بوو، ڕۆژێ لەترسی پیاو خراپ خستمە بیرەوە. بۆ سبحەینێ چووم پارەکە نەمابوو. فەللاح قسەی بۆ ژنەکەی کرد، وتی: ئەو سێسەد دینارە کە من دۆزیمەوە بە ئێمە حەرام بوو، ماڵی ئەو شوانە بوو ئێمە خەرجمان کرد. هەرچی ماوە بیهێنە تەسلیم بە دەستی ساحێبی بکەینەوە. ژنەکە پارەکەی برد بە ڕەسمی هەدییە تەسلیمی کابرای شوانی کرد ، شوان ژماردی سەد دینارە، شوکرانەی خودای بەجێهێنا، فکری کرد چاک وایە داردەستەکەم کون بکەم و پارەکە بخەمە ناوی. بەو فکرە داردەستەکەی کون کرد و پارەکەی خستە ناو. تەسادوف شوانەکە لە قەراغ جۆگە ئاوێ خەوی پیا کەوتبوو، گۆچانەکەی کەوتە جۆگە ئاوەکەوە. ئەو جۆگە ئاوە بە بەر دەرگای فەللاحدا ئەڕۆیشت، فەللاح گۆچانەکەی گرتەوە، شکاندی بیکەنەوە بە ئاگر، زرەی پارە هات، ژماردی سەد دینارە، دیسان دەستی کرد بە سەرف کردنی لە ڕاهی خودا دا. ڕۆژێکی کە شوان ڕێگەی کەوتە ماڵی فەللاح، قیسسەی داردەستەکەی بۆ فەللاح گێڕایەوە. فەللاح وتی: ئەووەڵ جار ئەو سێسەد دینارەت چۆن دەست کەوت؟ شوان وتی: لەفلان جێگە دۆزیمەوەو لەفلان بیرا قایم کرد. فەللاح وتی: ئەی شوان، ئەو سێسەد دینارە ماڵی من بوو، تۆ دۆزیتەوەو من لە بیرەکە دەرم هێنا،

وەختێ تۆ هاتیت قسەت کرد سەد دیناری مابوو، بە ماڵی من بوو بە تۆ نەخورا.

شاهزادە وتی: هێنانەوەی ئەو میسالەم بۆ ئەوە بوو تا بزانن ئەوەی بە نسیب بووبێ ڕەززاق ئەینێرێت، وە ئێمە لە دائیرەی تەوەککول نەچینە دەرەوە. ئەو ڕۆژە بەو قسانە ڕایانبوارد. بۆ سبحەینێ کوڕە جوانەکە وتی: خواردنی ئیمڕۆتان لەسەر من. هەڵسا ڕووی کرد بۆ شار. وەختێ داخڵ بە شار بوو، بەناو شارا ئەگەڕا، ژنێک چاوی بە کوڕ کەوت، عاشقی بوو، کارەکەری نارد بانگیان کرد، ژنەکە وتی: وا دیارە غەریبی. من عاشقی تۆ بووم. هەموو ڕۆژ وەرە سەعاتێ بەزم بگرین، دە درەم خەرجی وەرگرە. کوڕەکە قوبووڵی کرد، دە درەمی وەرگرت، ڕۆیشت خواردن و ئەسبابی کڕی. لە شار ڕۆیشتە دەرەوە. لە دەروازەی نووسی: حەقی جوانی ڕۆژی دە درهەمە. ئەو شەو بەخواردنی کوڕە جوانەکە ڕایانبوارد. بۆ سبحەینێ کوڕە فەللاح وتی: خواردنی ئیمڕۆتان لەسەر من. ڕۆیشت، ڕووی کرد بۆ شار. لە ڕێگە پرسیی: ئەوەی بە قیمەت بێ چییە؟ وتیان: دار پارەی چاک ئەکات. ڕۆیشت کۆڵێ داری کرد، بردیە ناو شار، فرۆشتی بەشەش درهەم، وە هەتا ئێوارە جۆماڵی کرد بە شەش درهەم. خواردن و ئەسبابی کڕی، لە شار چووە دەرەوە. لە دەروازەی شارەکەی نووسی: حەقی فەلاحەت ڕۆژی دوازدە درهەمە. ئەو شەوە بە خواردنی کوڕە فەللاح ڕایانبوارد. بۆ سبحەینێ کوڕە بازرگان وتی: خواردنی ئیمڕۆتان لەسەر من ڕۆیشت ڕووی کردە شار، تەماشای کرد پاپۆڕێ ئەسبابی بازرگانی هاتووە مەزات ئەکرێت. کوڕە بازرگان موعامەلەی کرد هەمووی کڕی و فرۆشتیەوە بە سەد دینار قازانج. خواردن و ئەسبابی کڕی، لە شار چووە دەرەوە لە دەروازەی نووسی: قانزاجی بازرگانی ڕۆژی سەد دینارە. ڕۆیشتەوە لای ڕەفیقەکانی . ئەو شەوە بە خواردنی کوڕە بازرگان ڕیانبوارد بۆ سبحەینێ ڕوویان کردە شاهزادە: ئیمڕۆ نۆبەی تۆیە، بزانین ڕێگەی تەوەککول چۆنە؟ شاهزادە ڕێگەی شاری گرت. تەسادوف ئەو ڕۆژە پادشای شارەکە مردبوو، هاوار و گریان کەوتبوە ناو شار. شاهزادە ڕووی کرد بۆ ماڵی پادشاە، بە عاجزی لە کەنارێکەوە ڕاوەستا. دەرگاوان تەماشای کرد: غەریبە بە عاجزی وەستاوە، وایزانی جاسووسە. دەرگاوان شاهزادەی گرت، بردی لە زیندان حەپسی کرد. شاهزادە ئەو شەوە بە حەپسی مایەوە. ڕەفیقەکانی تەماشایان کرد شاهزادە نەبوو، فکریان کرد وتیان: مومکینە شاهزادە هیچی دەست نەکەوتبێ، ڕووی نەهاتووە بێتەوە. کاشکی نۆبەمان نەخستایە سەر، چونکە لە قسەی تەوەککول زیاتر هیچی کەی نەئەزانی. لەولاوە لە ناشتنی جەنازەی پادشا بوونەوە، مەجلیس گیرا بۆ ئەوە یەکێ لە جێگەی پادشا دانرێت. دەرگاوان وتی: بە هێواشی قسە

بکەن چونکە ئیمڕۆ جاسووسێکم گرتووە، وتیان بچۆ بزانین جاسووسی کێیە بیهێنە. وەختێ دەرگاوان شاهزادەی داخڵ بە مەجلیس کرد. وزەرا و ئومەرا بە عەقڵ زانییان جاسووس نییە، سوئالیان کرد: تۆ غەریبی، لە چ شارێکەوە هاتوویت؟ شاهزادە لە ئەووەڵ تا ئاخر قسەی بۆ مەجلیس بەیان کرد. هەموویان بۆیان مەعلووم بوو شاهزادەیە و، چەند کەسانێ ناسییانەوە کوڕی پادشای ڕۆمە، بە ئیتتیفاقی هەموو ئومەرا لە جێگەی پادشای نەستوور دانرا و، موبارەکبادییان کرد. عادەتی ئەو شارە وابوو هەر پادشایەک کە لەسەر تەخت دابنرایە سواری فیلی سپی ئەکرا بە ئەترافی شارەکە دا ئەیانگێڕا. بەو تەرتیبە شاهزادە سواری فیل کرا و ئومەرا و وزەرا ئەترافیان گرت، بەئەترافی شارەکە دا گێڕرا. وەختێ گەیشتە دەروازەی شار دەستخەتی ڕەفیقەکانی ناسییەوە. ئەمری کرد بنووسن: جوانی و فەلاحەت و تیجارەت وەختێ بەکار دێت لە قەزا و قەدەری خودا دوور بیت، وە کەسێ ئەووەڵ ڕۆژ لە زیندان حەپس کرابێ دووەم ڕۆژ لەسەر تەختی پادشا حوکمدار بێ بۆ عیبرەت کافییە. گەڕایەوە جێگەی خۆی لەسەر تەخت دانیشت. ئەمری کرد ڕەفیقەکانی حازر کران. ڕووی کردە کوڕە جوانە وتی: هەرچەند دەوری ڕەفاقەت گرانە و مەعلووم بوو حوسن و جەماڵی تۆ هەر ڕۆژە ژنێک گرفتار ئەکات و هەموو ڕۆژ موحاکەمەی تۆ بەمن

ناکریٚ، چاک وایە ڕوو بکەیتە وەتەنی خۆت، لەم شارە نەمێنیت. شاهزادە ئەمری کرد میقداریٚ پارەیان دایە و ڕەوانەی وەتەنی کردەوە. ڕووی کردە فەللاح وتی: تۆم کرد بە سەرکاری هەموو زراعەتی موڵکی خاسسەی حوکومەتی. ڕووی کردە کوڕە بازرگان، وتی: بۆم مەعلووم بووە ساحێب فکریت، تۆم کرد بە وەزیر. بەو جۆرە شاهزادە لەسەر تەختی سەڵتەنەت دانیشت و حوکمداریی شاری نەستووری کرد. ڕۆژیٚ ئەمری کرد مەجلیس گیرا، ڕووی کردە مەئمووران، وتی: فەرموودەی خودایە «تعز من تشاء وتذل من تشاء». عەقڵ بە گەورەیی و بچووکی نییە. ئێوە بزانن من تەرکی وەتەنم کرد و لەگەڵ شەش کەس بووم بە ڕەفیق. هەرکەسە بە جۆریٚ قسەی مەعیشەتیان کرد. من وتم: لازمە ئینسان ڕێگەی تەوەککول بگرێت وە بە قەزاوقەدەری خودا ڕازی بیٚ. ئێوە قسەتان چییە بەیانی بفەرموون، چونکە من لە تەوەککول زیاتر هیچی کە نازانم. یەکیٚ لە جێگەی خۆی هەڵسا، ڕووی کردە پادشاە وتی: شاهم ئەوی جەنابت ئەفەرموویت گەوهەرێکە بە ئەڵماس دروست کراوە و خودا ژیانی ئێمەی تازە کردەوە جەنابتی بۆ ئێمە ڕەوانە فەرمووە و ئێمە قودوومی موبارەکت بە شوعلەی ڕۆژ تەماشا ئەکەین. پیاوێکی پیر هەڵسا وتی: ئەی پادشاە بەندە لە مەسئەلەی قەزاوقەدەر ڕابوردوویەک ئەزانم. ئەگەر ئەمر ئەفەرموویت بەیان بکرێت. پادشاە وتی: بیگێڕەوە، بزانم چۆنە؟

حیکایەت

پیرەکە وتی: من خزمەتچیی پیاوێکی گەورە بووم. لەگەڵ زانیم دونیا تا سەر بۆ کەس باقی نابیٚ، فکرم کرد دەست لە دونیا هەڵگرم و لە کونجیٚ بە عیبادەت خەریک بم. بەو فکرەوە دوعا خوازیم لە ئاغام کرد، ڕووم کرد بۆ بازاڕ، تەماشام کرد دوو تووتی بە دەست کابرایەکەوەیە ئەیفرۆشێت. تووتییەکان بە زوبانی خۆیان بۆ حەپسی خۆیان ئەگریان. منیش دڵم بۆیان سووتا، وتم چاک وایە بۆ جەزای ئاخیرەت هەردوکیان لە حەپسی نەجات بدەم. موعامەلەم کرد داوای دوو درهەمیان ئەکرد وەمنیش لە دونیا دا لە دوو درهەم زیاتر نەمبوو. نەفس ڕێگەی نەئەدا. عەقڵ وتی: بۆ کاری خێر تەئخیر بوون ئافات پەیدا ئەکات. مەجبوور بووم دوو تووتییەکە بە دوو درهەم سەندم. ڕۆیشتم لە ئەترافی شار تووتییەکانم بەرەڵلا کرد. هەردوکیان چوونە سەر دیواریٚ، بانگیان کردم: وەک چاکەت لەگەڵ ئێمە کرد، ئێمەیش لازمە چاکەی تۆ بدەینەوە. ئەو دیوارە هەڵکەنە قوتوویەک پڕە لەجەوهەر بیبە بۆ ئیحتیاجی خۆت سەرفی کە. منیش لەقسەی تووتییەکان سەرسام بووم.

وتم: مەعنای چییە قوتوویەک لەژێر دیوار لە ئێوە دیارە، ئەمما چاوتان بە داو ناکەوێت خۆتان دوو چاری حەپس ئەکەن؟ تووتییەکان وتیان قەزاوقەدەر کە نازل بوو چاو کوێر ئەبێ و گوێچکە گران ئەکات، وە قسەی تووتییەکان موافیقی فەرموودەی پادشایە. منیش چووم دیوارەکەم هەڵکەند و قوتووەکە پڕ بوو لە جەوهەر دەرمهێنا وە ئێستاش حازرە لەترسا نەمفرۆشتیە، وە قابیلی خەزێنەی پادشایە، ئەمر ئەفەرموویت بچم بیهێنم تەقدیمی خەزێنەدار بکرێت. پادشا فەرمووی حەڵاڵی خۆتە، حەقی خەزێنەی پادشای نییە. هەموو حازران موبارەکباد و ئافەرینیان لە زیرەکیی پادشا کرد، یەکەیەکە حەمد و سەنای خودایان بەجێهێنا و، شەهزادە تا موددەی ژیانی لە ڕێگەی ڕاستییەوە حوکمدار بوو بەسەر شارەکەدا.

وەختێ برەهمەن چواردە ئامۆژگارییەکەی بۆ دابیشلیم گێڕایەوە، دابیشلیم ڕووی کردە برەهمەن فەرمووی: ئەی حەکیمی دڵ ڕووناک، هەر مەقسەدێکم بوو لە واسیتەی نوفووسی جەنابتەوە دەست کەوت، وە ئومێد دەکەم دیاری یەک بۆ یادگار بۆ جەنابت بەجێ بێڵم قوبووڵی بفەرموویت. برەهمەن وتی: ئەی پادشا، من دەستم لە دونیا هەڵگرتووە و ئارەزووی نەفسم نەماوە و چاوم لە تەمەعی دونیا نییە، وە ئەگەر جەنابت مەرحەمەت لەگەڵ من ئەکەیت لە دوعای خێر غافڵم مەکە «دعاء الامام العادل لايرد». وە ڕجا ئەکەم ئەم ئامۆژگارییانە لەسەر کاغەز بنووسنەوە، وە لەسەر قانوونی ئەم کیتابە حوکمداری بکە. پادشاه قوبووڵی کرد و دوعا خوازییان لەیەک کرد. دابیشلیم داخڵ بە تەختی سەڵتەنەت بووەوە، ئەمری کرد بە نووسینەوەی. وەختێ کە نوسرایەوە لە خەزێنەی پادشا دانرا. (خچستەڕای) کە وەزیری هومایوون فال بوو ئەووەڵ تا ئاخر قیسسەی بۆ هومایوون فال گێڕایەوە. پادشا ڕۆحی زیندوو بووەوە و ئەمری کرد بە خەڵات کردنی خچستەڕای. وەزیر وتی: ئەی پادشا، ئەوەی بەندە گێڕامەوە لازمە بنووسرێتەوە، چونکە قیسسەی ئامۆژگاری وەک ڕۆژ شوعلە ئەدات. ڕۆژ بە پارچە هەورێ ڕووناکیی نامێنێت، وە ئەگەر جەنابت ئەم ئامۆژگارییانە نەنووسیتەوە، بە موددەتێکی کەم ناوی نامێنێت. ئەمر کرا بە نووسینەوەی، ناونرا (کەلیلە و دیمنە)، وە لەزەمانی سوڵتان حوسەین کوڕی ئەمیری ساحێبقڕان کوڕی تەیموری گورگانی تەرجەمە کرا بە فارسی، بە زوبانی مەلا حوسەینی کاشیفییەوە، ناو نرا (ئەنواری سوهەیلی) لە سەنەی ٩١٠ی هیجریدا.

دیسان لە ساڵی ١٩٣٤ لە زەمانی مەلیکولعیراق فەیسەلولئەووەڵ کوڕی مەلیک حوسەین شەریفی مەککەی موعەززەمە (زاد شرفها) تەرجەمە کرا بە کوردی، بە زوبانی

مەلا کەریم کوڕی حاجی سەعید کوڕی مەلا کەریم، وە ناو نرا (گەلاوێژی کوردستان)، لەسەنەی ۱۳۵۱، ۲۸ی (ذوالحجة) ڕۆژی جومعە. ڕجا ئەکەم لە برا خۆشەویستەکانم سەهو وەیا غەڵەتێ کە ئەبینن، قەڵەمی عەفوی بەسەرا بکێشن. ان الله هو ستار العیوب. عبدالکریم.

ئامۆژگاری پازدەهەم

زانینی ڕەوشتی چاکە، وە حەرام و حەڵاڵ

ئەگێڕنەوە لە شاری بەغداد کابرایەکی بازرگان زۆر زەنگین بوو، ئەمما ئەولادی نێرینەی نەبوو. لە خوسووسی ئەولاد نەبوونەوە زۆر عاجز بوو، فکری کرد وتی: بمرم ناوم کوێر ئەبێتەوە. بەو خەیاڵاتە دەستی پاڕانەوە و گریانی بۆ قاپی خودا درێژ کرد. بە نوێژ کردن شەوی ڕۆژ ئەکردەوە. بە ڕۆژ بە ڕۆژوو بوو. دائیما خەریکی زیارەت کردنی پیاوچاکان بوو. نەذری کرد لەسەر خۆی مەولوودی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)و کراسی هەتیوان و دەستگیریی فەقیران. ئینتیها خودای تەعالا مەقسەدی حاسڵ کرد، وەختێ ژنەکەی حاملە بوو. ئینتیهای حەملی هات، کوڕێکی ناوچەوان نوورانییان بوو. ڕۆژی حەوتەی تەواو بوو، بانگیان بە گوێدا دا، ناویان نا (ابو الحسن) و تەسلیم بە دایەن کرا. وەختێ عومری گەیشتە شەش ساڵ تەعلیمی خوێندنیان کرد. بەموددەتی چەند ساڵ لە خوێندنی قورئانی مەجید و لە ئادابی شەرع و لە عیلمی حیساب و لەتیر ئەندازی و سواری کردن، ڕەفیقی دەست نەئەکەوت. ڕۆژێ ئەبولحەسەن لە خزمەت باوکی دانیشتبوو، باوکی ڕووی کردە ئەبولحەسەن وتی: ئەی ڕووناکی چاوم من دوو سێ ڕۆژ عومرم لەدنیادا ماوە، غەیرەز لیقای خودا زیاتر ئارەزووی کەم نییە، وە چەند ئامۆژگارییەکت ئەکەم لە فکری خۆتی مەبەرەوە. ئەی کوڕم ئەوەندە ماڵی دونیام بۆ پەیدا کردوویت لە ڕێگەی ڕاستەوە سەرفی کەیت هەتا ئەولادی ئەولادت نابڕێتەوە، وە عەمەلی چاکە بکە. بە ئارەزووی نەفس و شەیتان موعامەلە مەکە، وە بەئیسراف ماڵ سەرف مەکە و ڕەفاقەتی نائەسڵ و دووڕوو مەکە. بە تەکەببور بە ڕێگەدا مەڕۆ، وە هەتا سوئال نەکەن لە مەجلیسدا قسە مەکە و حورمەتی هەموو برای دینی بەفەخر بزانە و، ئازارت بۆ دراوسێ نەبێ و، لە غەیبەت و لە فیتنە دوور بە. تەسادوف چەند ڕۆژێکی بەین کەوت بازرگان نەخۆش کەوت و ئەمری خودای بەجێ هێنا. ئەبولحەسەن کفن و دفنی باوکی کرد و هەتا سێ ڕۆژ تەعزیەی بۆ گرت. لەپاش تەعزییە ڕەفیق و دراوسێ ڕوویان کردە ئەبولحەسەن، وتیان:

کەسێ ئەولادێکی وەک تۆی لێ بەجێ مابێ نەمردووە. ناوی بە زیندوویی باقی ماوە. تەعزییە گرتن بۆ ژن هاتووە. بۆ پیاو ناشیرینە. ئینتیها کوڕەکەیان بردە حەمام، لیباسی تەعزییەیان لەبەر داکەند، لیباسی جوانیان لەبەر کرد. ئەبولحەسەن وەسیەتی باوکی فەرامۆش کرد، بە ماڵی دونیا مەغروور بوو، وایزانی فەقیری نایەتە ڕێگەی، دەستی کرد بە خەرج کردنی پارەو بە بەخشینی. ئاخری ماڵی نەما لە جاریەیەک زیاتر. ئەو جاریەیە لە جوانی و خوێندن ڕەفیقی دەست نەئەکەوت. وەختێ ئەبولحەسەن فەقیر بوو، لە موحتاجییا وای لێ هات تا سێ ڕۆژ نانیان دەست نەکەوت بیخۆن. جاریەکە ڕووی کردە ئاغای، وتی: من بەرە خزمەت هارووئورڕەشید، بفرۆشە بە دە هەزار دینار ئاڵتوونی سوور. ئەگەر وتی: بەو قیمەتە گرانە، تۆ بڵێ: ئەی خەلیفە قیمەتی ئەم جاریە تەواو نابێ. وە لەعیلم و فەن ئەزانێت، ئیمتیحانی بکە. ئەگەر قابیل بوو موبارەکە. ئەمما هەزار جۆرە تەکلیف بکا لەو قیمەتە کەمتر ڕازی نەبیت. لەپاشا ئەبولحەسەن جاریەکەی برد و چووە خزمەتی خەلیفە. ئەوەی بەیان کرا عەرزی خەلیفە کرا. خەلیفە لە جاریەکەی پرسی: ناوت چییە؟ جاریەکە جوابی دایەوە ناوم (تەوەددود)ە. خەلیفە وتی: لە عیلم چی ئەزانیت؟ جوابی دایەوە: ئەی خەلیفە، عیلمی نەحو، سەرف، فیقە، تەفسیر، لوغەت، مۆسیقا، عیلمی ستارە، حیساب، جەمع، تەرح، زەرب، تەقسیم، وە قورئان بە حەوت قیرائەت، وەعەدەدی سوورە، حیزب، ڕوبع، عەشەرە، سوجدە، ناسیخ و مەنسووخ و سەبەبی نازڵ بوونی، وە ئەحادیسی شەریف لە موسنەد و مورسەل و مووەسەق، وە لە عولوومی ڕیازی و هەندەسە، فەلسەفە، حیکمەت، وە مەنتیق و مەعانی و بەیان شارەزام. شیعر خوێندنەوە، تار لێدان، بەستە وتن، ڕەقس کردن، عومووم ئەزانم. ئەگەر خۆم ئارایشت بدەم ڕەقس بکەم ژن و پیاو، پیر و جوان وەک یەک سەرخۆش ئەکەم. لە هەموو فەن و سنعەت ئەوەندە شارەزام غەیرەز خودا نەبێت، بۆ کەس حیساب ناکریت. وەختێ خەلیفە ئەو قسە فەسیحانەی لە تەوەددود بیست، لە فەساحەت و بەلاغەتی تەعەجوب ما، ڕووی کردە ئەبولحەسەن، فەرمووی: من عالیمان و حەکیمان و شاعیران و قاری یان و مونەجیمان و فەلاسیفە حازر ئەکەم، هەر وەقت لە ئیمتیحان دەرچوو، ئەو قیمەتە بەتۆ عەتا ئەکەم، وە ئەگەر دەرنەچوو بۆ من بەکار نایەت، قابیلی خۆتە. لەپاشا خەلیفە کاغەزی بۆ عامیلی بەسرە نووسی کە ئیبراهیم کوڕی سەییار لە بەلاغەت و شیعر و ئەدەب بێ ئەمسال بوو ڕەوانەی بەغدادی بکات. بە موددەتی چەند ڕۆژێ ئەوی مەتڵەب بوو لە بەغداد لە خزمەتی خەلیفە حازر بوون. کەسیان سەبەبی تەڵەب کردنی

خەلیفەیان بۆ مەعلووم نەکرا بوو. لەپاشا خەلیفە ئەمری کرد بە حازربوونیان و بەحازربوونی تەوەددود و مەجلیس گیرا. وەختێ تەوەددود بەبێ حیجاب داخل بە مەجلیس بوو ڕووی وەک ڕۆژ شوعلەی ئەدا. حازران لە تەماشا کردنی سەرسام بوون. بە ئەمری خەلیفە کورسیی ئاڵتوونیان بۆ هێنا. دانیشت، دەستی کرد بەقسە کردن، وتی: ئەی خەلیفە ئەمر بفەرموو بەحازران یەکەیەکە سوئال بکەن و جوابیان وەرگرن. خەلیفە ڕووی کردە حازران، فەرمووی: ئارەزوو ئەکەم لەگەڵ ئەم جاریە سوئال و جواب بکەن. حازران عەرزیان کرد: ئەمر ئەمری جەنابتە. تەوەددود سەری بەرز کردەوە، وتی: کامتان لە عیلمی شەرع و دیانەت ئەزانن؟ یەکێکیان هەڵسا، وتی: من. تەوەددود وتی: هەرچی ئارەزوو ئەکەیت سوئال بفەرموو. مەلا وتی: تۆ قورئانت خوێندووە، لە ناسیخ و مەنسووخ ورد بوویتەوە؟ تەوەددود وتی: بەڵێ: مەلا وتی: خودای تۆ کێیە؟ پێغەمبەر و ئیمامی تۆ کێیە؟ قیبلە و برادەرانی تۆ کامەیە؟ تەوەددود وتی: ئەوەی عالەمی خەلق کردووە خودای منە و، (محمد المصطفی) صلی الله علیه وسلم پێغەمبەری منە. کەعبەی موعەظظەمە قیبلەی منە. موسوڵمانان برای دینی منە. خەلیفە و حازران لە فەساحەتی تەوەددود سەرسام مان. مەلا وتی: خودا چۆن ئەناسی؟ تەوەددود وتی: بە عەقڵ. مەلا وتی: عەقڵ چییە؟ تەوەددود وتی: عەقڵ دوو عەقڵە. یەکێکیان عەقڵی مەوهووب، یەکێکیان عەقڵی مەکسووب. عەقڵی مەوهووب ئەوەیە خودای تەعالا بە عەبدی خۆی عەتا ئەفەرموێت. بەو عەقڵە ڕێگەی ڕاست ئەدۆزینەوە. عەقڵی مەکسووب ئەوەیە ئینسان بە مەعریفەتی خۆی کەسبی ئەکات. مەلا وتی: ئافەرین، ڕاستە. ئەمما عەقڵ جێگەی کوێیە؟ تەوەددود وتی: عەقڵ لەناو دڵا خودا خەڵقی کردووە، شوعلەی بۆ مێشکی سەر بەرز ئەبێتەوە، لەوێ ئەوەستێ. مەلا وتی: خەبەرم بدەرێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم چۆن ئەناسی؟ تەوەددود وتی: بە قورئان و بە دەلیلی موعجیزات ئەیناسم. مەلا وتی: لە فەرز و سوننەت خەبەرم بدەرێ. تەوەددود وتی: فەرز پێنجە (١) ئیقرار کردن بە تەنهاییی خودا و تەسدیق کردنی محمد المصطفی صلی الله علیه وسلم. (٢) پێنج فەرزەی نوێژ. (٣) زەکات دان. (٤) ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان. (٥) حەجی بەیتولحەرام. ئەمما سوننەت کەبووە و هەتا ئاخر ئەبێ چوارە: ڕووناکیی ڕۆژە و تاریکیی شەوەو هەڵهاتنی مانگ و ڕۆژە بۆ ئەوەی وەختی پێ بزانرێت. ئەمما مردن مەعلووم نییە. مەلا وتی: خەبەرم بدەرێ لە پێش نوێژ چەند شت لەسەر تۆ فەرز کراوە؟ تەوەددود وتی: تەهارەت، داپۆشینی عەورەت، لیباسی پیس لەخۆ دوور خستن، ڕوو لە قیبلە کردن، نییەت دابەستن،

(الله‌اکبر) وتن له‌سه‌ر من فه‌رزه. مه‌لا وتی: خه‌به‌رم بده‌رێ چۆن بۆ مزگه‌وت ئه‌چیت؟ ته‌وه‌ددود وتی: به نییه‌تی عیباده‌ت. مه‌لا وتی: چۆن ئه‌چیته ده‌ره‌وه؟ ته‌وه‌ددود وتی: به نییه‌تی خزمه‌ت. مه‌لا وتی: خه‌به‌رم بده‌رێ ئه‌ووه‌ڵی دابه‌ستنی نوێژ چۆنه و، ته‌حلیل و ته‌حریمی چۆنه؟ ته‌وه‌ددود وتی: ئه‌ووه‌ڵی دابه‌ستنی نوێژ ده‌ستنوێژه و غوسله و، ته‌حریمی نوێژ (الله‌اکبر)ه‌و، ته‌حلیلی سه‌لام دانه‌وه‌یه. مه‌لا وتی: ئه‌وه‌ی نوێژ ناکات لایقی چییه؟ ته‌وه‌ددود وتی: له حه‌دیسسی سه‌حیح ریوایه‌ت کراوه. هه‌رکه‌س بێ عوزری شه‌رعی به عه‌مده‌ن ته‌رکی نوێژ بکا، له موسوڵمانی بێ به‌هره‌یه. مه‌لا وتی: فائیده‌ی نوێژ چییه؟ ته‌وه‌ددود وتی: نوێژ سه‌به‌بی گه‌یاندنی ره‌حمه‌تی خودایه به عه‌به‌دی. نوێژ کردن ده خه‌سڵه‌تی هه‌یه: (١) دڵ رووناک ئه‌کات و رووی ئینسان نوورانی ئه‌کات. ره‌حمه‌تی خودا زیاد ئه‌کات. رقی شه‌یتان هه‌ڵئه‌ستێنێ. به‌ڵا دوور ئه‌خاته‌وه. عه‌بد به‌خودا نزیک ئه‌کاته‌وه له شه‌ری دوشمن مه‌حفووز ئه‌بێت. غه‌زه‌بی خودا دوور ئه‌خاته‌وه. ئینسان له کاری خراپ لائه‌دا. نوێژ واجبه. کۆڵه‌که‌ی دینی ئیسلامییه‌ته. مه‌لا وتی: کلیلی نوێژ چییه؟ ته‌وه‌ددود وتی : کلیلی نوێژ ده‌ست نوێژه. مه‌لا وتی: کلیلی ده‌ست نوێژ چییه؟ ته‌وه‌ددود وتی: ناوبردنی ناوی خودایه. مه‌لا وتی: کلیلی ناو بردنی خودا چییه؟ ته‌وه‌ددود وتی: یه‌قینه. مه‌لا وتی: کلیلی یه‌قین چییه؟ ته‌وه‌ددود وتی: ته‌وه‌ککوله. مه‌لا وتی: کلیلی ته‌وه‌ککول چییه؟ ته‌وه‌ددود وتی: ئومێد بوونه. مه‌لا وتی: کلیلی ئومێد چییه؟ ته‌وه‌ددود وتی: ئیتاعه‌ت کردنه. مه‌لا وتی: کلیلی ئیتاعه‌ت چییه؟ ته‌وه‌ددود وتی: ئیعتیراف کردنه به ته‌نهایی خودا. مه‌لا وتی: واجباتی ده‌ست نوێژ چه‌نده؟ ته‌وه‌ددود وتی: واجباتی ده‌ست نوێژ به مه‌زهه‌بی ئیمامی شافعی شه‌شه: (١) نییه‌ت (٢)ده‌مو چاو شتن هه‌تا بنا گوێ (٣) هه‌ردوو ده‌ست شتن هه‌تا ئه‌نیشک (٤) مه‌سح کردنی لایه‌کی مووی سه‌ر (٥) شتنی هه‌ردوو پێی تا قووله پێی (٦) یه‌ک له‌دوای یه‌ک شتن شه‌رته. مه‌لا وتی: سوننه‌تی ده‌ست نوێژ چۆنه؟ ته‌وه‌ددود وتی: سوننه‌تی ده‌ست نوێژ ده جۆره: (١) بسم الله وتن. (٢) ده‌ست شتن. (٣) ئاو له‌ده‌م وه‌ردان. (٤) ئاو له لووت وه‌ردان. (٥) ته‌ر کردنی هه‌ردوو گوێ زاهیر و باتینی. (٦) ئاو داخڵ کردن به‌ناو ریشی پڕ. (٧) ده‌ست هێنان به‌به‌ینی ئه‌مووسته‌کانیا. (٨) لای راست شتن له‌پێش لای چه‌په. (٩) هه‌ر ئه‌عزایه‌ک سێ ده‌فعه شتن. (١٠) یه‌ک له دوای یه‌ک شتن. مه‌لا وتی: فه‌رز و سوننه‌تی غوسل چۆنه؟ ته‌وه‌ددود وتی: فه‌رزی غوسل نییه‌ت هێنانه و به‌ده‌ن ته‌ڕکردنه به عومووم. وه سوننه‌تی غوسل ئه‌ووه‌ڵ ده‌ستنوێژ شتنه و ده‌ستی ته‌ڕ هێنانه به

بەدەناو گەیاندنی ئاوە بە ناو مووەکان. مەلا وتی: خەبەرم بدەرێ لەفەرز و سوننەتی تەیەممم. تەوەددود وتی: فەرزی تەیەممم چوارە: (١) نییەت هێنانە. (٢) خاکە. (٣) یەک دەست کێشان بە خاکدا بۆ دەمو چاو هێنان. (٤) یەک دەست کێشان بە هەردوو دەستی. وە سوننەتی تەیەممم هێنانی ناوی خودایەو، پیش خستنی دەستی ڕاست لە دەستی چەپی. مەلا وتی: شەرایتی نوێژ و ئەرکانی و سوننەتی چۆنە، بەیانی بکە. تەوەددود وتی: شەرایتی نوێژ پێنجە: (١) پاک بوونی بەدەن. (٢) داپۆشینی عەورەت. (٣) ڕوو لە قیبلە کردن. (٤) لە جێگەی پاک ڕاوەستان. (٥) بەجێ هێنانی وەقت. هەر نوێژەو وەختی خۆی کردنی لازمە. ئەرکانی نوێژ ئەووەڵ نییەتە و (الله اکبر)ە. بە پێوە وەستانە ئەگەر ئیقتیداری بوو. خوێندنی سوورەی فاتحەیە. ڕوکووعە و قەرار گرتنە لە ڕکووعدا. ڕاست بوونەوەیە لەگەڵ قەرار گرتندا. سەجدەی ئەووەڵە لەگەڵ قەرار گرتن. سەر بەرز کردنەوەیە بۆ دانیشتن لەبەینی هەردوو سەجدەدا. سەجدەی دووەمە لەگەڵ قەرار گرتن. دانیشتنە وەختی (التحیات). شەهادەت هێنانە بە تەنهایی خودا و ڕەوانە کراویی محمد المصطفی صلی الله علیە وسلم، وە سەڵەوات دان لە محمد صلی الله علیە وسلم، وە سەلام دانەوە لەپاش التحیات و سەڵەوات بە نییەتی تەواو بوونی نوێژ. ئەمما بانگدان و قامەت کردن و دەست بڵند کردنەوە لە وەختی (الله اکبر)دا و، ئامین وتن لەپاش (الحمد) و، سوورەیێ لە قورئان خوێندن و الله اکبر لە هەڵسان و دانیشتندا، وە سمع الله بە بڵند وتن و، فاتیحە بڵند خوێندن لە مەوقیعی جەهر و، هێواش خوێندن لە مەوقیعی ئیخفات و، سەلام دانەوە بە بڵندی، هەر یەکە لە جێگەی خۆی لازمە. مەلا وتی: ئافەرین، ڕاستە. مەلا وتی: لە چەند زەکات واجبە؟ تەوەددود وتی: ئاڵتوون گەیشتە بیست مسقاڵ نیو مسقاڵ زەکات واجبە. لەو میقدارە زیاد بوو بەو جۆرە حیساب ئەکریت، وە زەکاتی حەیوان لە پێنج حوشتر مەرێک زەکاتە. لەبیست و پێنج حوشتر یەک حوشتر زەکاتە. مەڕ و بزن لەچل عەدەد یەک عەدەد زەکاتە. مەلا وتی: شورووت و فەرزی ڕۆژوو چۆنە؟ بەیانی بکە. تەوەددود وتی: نییەتە و خۆپاراستنە لە خواردن و خواردنەوە و، جماع نەکردنە و ڕشانەوەیە بە عەمەدەن. ڕۆژوو واجب ئەبێت بەچاو پێکەوتنی مانگ لە مانگی ڕەمەزاندا، وەیا بەشەهادەتی دو کەس کە ڕاست بێ. فەرزی ڕۆژوو ئەوەیە بەشەو نییەت بێنیت، وە سوننەتە زوو ئیفتار بکاتەوەو درەنگ پارشێو بکات، وە تەرک کردنی قسەی خراپە، وەقورئان خوێندن. ئەمما بە ڕۆن خۆ چەور کردن و، چاو ڕشتن و، تۆز بە قورگا چوون و، ئاوی دەم قووتدانەوە و جاری بوونی

شەهووەت بە ئیحتیلام و، تەماشا کردنی ژنی بێگانە و، خوێن بەردان و حەجامەت گرتن زەرەر بە ڕۆژوو ئەگەیەنێت. مەلا وتی: لە نوێژی هەردوو جەژن ئەلێیت چی؟ تەوەددود وتی: نوێژی جەژن دوو ڕکاتە. بانگ و قامەتی نییە. لە ڕکاتی ئەووەڵ حەوت جار (الله اکبر) وتنە بە غەیری (الله اکبر)ی نییەت. لە ڕکاتی دووەمدا پێنج جار (الله اکبر) وتنە بە غەیری (الله اکبر)ی هەڵسانەوە، وە خوێندنی (التحیات)و شەهادەت بە مەزهەبی شافیعی. مەلا وتی: نوێژی وەتر چییە؟ تەوەددود وتی: کەمترینی نوێژی وەتر یەک ڕکاتە،. زۆرترینی یازدە ڕکاتە. مەلا وتی: ئیعتیکاف چییە؟ تەوەددود وتی: سوننەتە ، شەرت و نییەتی ئەوە بێ لە مزگەوت نەچێتە دەرەوە مەگەر بۆ ئیحتیاجی کاری خۆی، وە نزیک نە بوونە بە ژنان، بە ڕۆژوو بێ قسەی لەهوو لەعب نەکات. مەلا وتی: خەبەرم بدەرێ حەج چۆن واجب ئەبێت؟ تەوەددود وتی: بەچوار جۆر: (١) بەبولووغی. (٢) بە عەقڵ تەواوی. (٣) بە ئیسلامی.(٤) بە ئیقتیدار بوون. وە لەمووددەتی عومری یەک جار. مەلا وتی: فەرزی حەج چەندە؟ تەوەددود وتی: ئیحرام، وەستان لە عەرەفات، وەتەواف، وە سەعی کردن، وە سەرتاشین. فەرزی عەمرە تەواف و سەعی. مەلا وتی: سوننەتی حەج کامەیە؟ تەوەددود وتی: (لبیک) وتن، لە موزدەلیفە، مینا نووستن، وە شەیتان ڕەجم کردن. مەلا وتی: فەرزی ئیحرام کامەیە؟ تەوەددود وتی: ئیحرام درووماناوی نەپۆشینە، عەتر بە خۆیا نەکردنە، سەرنەتاشینە، نینۆک نەکردنە، شمشێر دەرنەهێنانە، جیماع نەکردنە. مەلا وتی: ڕاستە. مەلا وتی: غەزا چۆنە؟ تەوەددود وتی: هاتنە دەرەوەی کوففارە بۆ سەر ئیسلام لە وەختی بوونی خەلیفەی ئیسلامدا و حازر کردنی ئەسلیحەیە و، ئیقتیدار بوونی وەستانە لە وەختی حەربدا. وە سوننەتی غەزا دڵخۆشی دانەوەی ئیسلامە و غیرەت نانە بەریانە بۆ سەر قەومی کوففار وەک خودای تەعالا فەرموویەتی: «یا أیها النبي حرض المؤمنين على القتال». مەلا وتی: ئافەرین، ڕاستە. مەلا وتی: خەبەرم بدەرێ لە ئەشیایەک بە ئەشیا فرۆشتنی دروست نییە. تەوەددود وتی: لە حەدیثی پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) بۆم مەعلووم کراوە فرۆشتنی خورما بە ڕوتەب دروست نییە و، هەنجیری تەڕ بە وشک دروست نییە و، گۆشتی وشک بەگۆشتی تازە دروست نییە و، کەرە بە ڕۆن دروست نییە، نەهیی لێ کراوە.

وەختێ مەلا ئەو قسە فەسیحانەی لە تەوەددود بیست، بۆی مەعلووم کرا لە دەرەجەی عەقڵ و فامایە. فکری کرد: بەڵکی بە حیلە فایق بم. لەپاشا مەلا وتی: ئەی تەوەددود مەعنای دەستنوێژ چییە؟ تەوەددود وتی: نوێژ بە لوغەت نەزافەتە لە چڵکنی. مەلا وتی:

مـەعنای نوێژ چییـە؟ تەوەددود وتی: نوێژ بە لوغـەت دوعـا كردنە. مـەلا وتی: مـەعنای غوسل لەلوغەتدا چییە؟ تەوەددود وتی: غوسل بە لوغەت خۆ پاك كردنەوەیە. مەلا وتی: مـەعنای ڕۆژوو لە لوغـەتدا چییـە؟ تەوەددود وتـی: ڕۆژوو بە لوغـەت خـۆ پاراسـتنە لە خـواردن و خـواردنەوە. مـەلا وتی: مـەعنای زەكـات لە لوغـەتدا چییـە؟ تەوەددود وتی: زەكات بە لوغـەت زیادیی مـاڵە و پاك كـردنەوەیە. مەلا وتی: مـەعنای حەج لە لوغـەتدا چییە؟ تەوەددود وتی: حەج بە لوغەت قەسد كردنە. مەلا وتی: جیهاد لە لوغـەتدا چییە؟ تەوەددود وتی: جیـهاد بەلوغـەت وەفایە. وەختێ سوئالی مەلا تەواو بوو، مـەلا هەڵسـایە سـەر پێی، وتی: ئەی خـەلیـفـە بە شـاهیـد بە ئەم جـاریە لەمن و لە تۆ عـالمتـرە. ئەنجـا تەوەددود وتـی: ئەی مـەلا نـۆبەی سـوئالی منە وە جـوابی تـۆیە. مـەلا وتی: فـەرمـوو. تەوەددود وتی: سـیـهـامی دین چەندە؟ مەلا وتی: سـیـهـامی دین دەیە: (١) شـەهادەت. (٢) نوێژ. (٣) زەكات. (٤) ڕۆژوو. (٥) حەج. (٦) غـەزا. (٧) ئـەمر بە چاكە. (٨) نەهی لە خـراپە. (٩) ئولفـەت و مـوعـاشـەرەت. (١٠) تەڵەبی عـیلم. تەوەددود وتی: ئوسوولی ئیسلام چییە؟ مەلا وتی: ئوسوولی ئیسلام چوارە: (١) شەرت. (٢) ڕاستی. (٣) ئەمین بوون. (٤) وەفا و عـەهد. تەوەددود وتی: یـەك سوئالـم مـاوە، ئەگـەر جـوابی بەیان نەكەیت، لیباسەكانت داكەنە بە ڕووتی بڕۆرە دەرەوە. مەلا قوبووڵی كرد. تەوەددود وتی: فورووعی ئیسلام كامەیە؟ مەلا سەری بە بەرۆكیا شۆڕ كردەوە، تا سەعـاتێ جوابی نەبوو. تەوەددود وتی: لیـبـاسـەكـانت دامـاڵـە هەتا فـورووعی ئیـسـلام بۆ تۆ بەیان بكەم. خەلیـفە فەرمـووی: ئەی تەوەددود، تۆ بەیانی بكە، من لیباسـەكـانی دائەمـاڵم. تەوەددود وتی: فورووعی ئیسلام بیست و دووە: (١) باوەڕ كردن بە قورئان. (٢) ئیقتیداكردن بە موحەمەدی (صلی الله علیه وسلم) ئاخر زەمان. (٣) ئازار لابردن لەسەر موسڵمان. (٤) خۆ پاراستن لە حەرام. (٥) نەجاتدانی مەزڵووم لە دەست زاڵم. (٦) تۆبە كردن لە گوناە. (٧) مەسئەلەی دین فێر بوون. (٨) ڕەفـیـقی دۆست بە ڕەفـیق گرتن. (٩) بە مـووجیـبی قـورئان مـوعـامـەلە كـردن. (١٠) بە پێغـەمبـەر باوەڕ كـردن. (١١) بۆ غـەزا حـازر بوون. (١٢) دڵ سافی و عەفو كردنی خەتا لە وەختی دەست ڕۆیشتن.(١٣) سەبر كردن لەسـەر مسیبەت. (١٤) شوكر كردن لەسەر نیعمەت. (١٥) ناسینی خودا بە تەنهایی. (١٦) ناسینی حوكمی پێغەمبەر. (١٧) شكاندنی ئارەزووی نەفس. (١٨) خۆ لادان لە ڕێگەی شـەیتـان. (١٩) بە ئیـخـلاس تەسلیم بوون بە ئەمـر و ئیـرادەی خـودای تەعـالا. وەختـێ خەلیـفە ئەو قسە فەسیـحانەی لە تەوەددود بیست، ئەمری كرد بە ڕووت بـوونەوەی مەلا و

بەخەجاڵەتی ڕۆیشتە دەرەوە.

ئەنجا دووەم مەلا چووە پێشەوە، ڕووی کردە تەوەددود وتی: سیحەحەت تەسلیم بوونی چییە؟ تەوەددود وتی: قەدەر مەعلوومە، جینس مەعلوومە، ئەجەل مەعلوومە. مەلا وتی: خواردن فەرز و سوننەتی چییە؟ تەوەددود وتی: فەرزی خواردن ئیعتیراف کردنە بەوەی خودای تەعالا ڕزق ئەداو شوکرانە کردن لەسەر نیعمەت. مەلا وتی: شوکرانە چۆنە؟ تەوەددود وتی: شوکرانە مەعنای ئەوەیە خودا هەر ڕزقێ ئەنێرێت بۆ لازمات سەرف کرێت. وە سوننەتی خواردن ئەوەیە ئەووەڵ بیسمیللا وتن و شتنی هەردوو دەستی، دانیشتن لەسەر ڕانی چەپ، بەسێ ئەمووست خواردن، خواردنی شتێک بە خواردن نزیک بێ. مەلا وتی: ئادابی خواردن چۆنە؟ تەوەددود وتی: تیکەی بچووک گرتن، تەماشا نەکردن بە ڕەفیقی هاونشین. مەلا وتی: لە عەقایدی دڵ و زیددی خەبەرم بدەرێ. تەوەددود وتی: عەقایدی دڵ سیانە و زیددی سیانە: (١) ئیعتیقادی ئیمان و زیددی ئەو دووری لە کوفر. (٢) ئیعتیقادی سوننەت و زیددی ئەو دووری لە بیدعەت. (٣) ئیعتیقادی تاعەت و زیددی ئەو دووری لە گوناە. مەلا وتی: خەبەرم بدەرێ لە سێ شت مانیعی سێ شتە. تەوەددود وتی: لە سەفیانی سەورییەوە ڕیوایەت کراوە: سێ شت مانیعی سێ شت ئەبێ: (١) بەسووک زانینی ساڵحان قیامەت لە دەست ئەچێ. (٢) بە سووک زانینی پادشاهان زیندوێتی لە دەست ئەچێ. (٣) بە سووک زانینی ماڵ و دەوڵەت حورمەت لە دەست ئەچێ. مەلا وتی: دەرگای ئاسمانەکان بۆ من بەیانی بکە. تەوەددود وتی: خودا فەرموویەتی: «وفتحت السماء فكانت أبوابا». پێغەمبەر صلی الله تعالی علیه وسلم فەرموویەتی: ژمارەی دەرگای ئاسمانەکان بۆ کەس مەعلووم نەکراوە ئیللا بۆ ئەوە نەبێ کە خەلقی کردووە. هەر بەنی ئادەمەی دوو دەرگای لە ئاسمان هەیە. یەکێکی ڕزقی بۆ دێتە خوارەوە، یەکیکی عەمەلی پیا بەرەو ژوور ئەکەنەوە. ڕزقی ئەو عەبدە قەتع ناکرێت هەتا ڕۆحی نەبەن بۆ ئاسمان. مەلا وتی: بەیانی کە قەلب چییە؟ تەوەددود وتی: قەلب هەیە سەلامەت، قەلب هەیە شەقاوەت. قەلب هەیە (مونیب) یەعنی لە خراپە دوورە. قەلب هەیە (نەذیر) یەعنی ترساو. قەلبی سەلامەت دڵی ئیمانداره. قەلبی شەقاوەت دڵی کوففارە. قەلبی مونیب دڵی پیاوچاکانە. قەلبی نەذیر دڵی پێغەمبەرانە علیهم السلام. وەهەم ئەڵێن دڵ سێ جۆرە. دڵێک سابیت بێ ئەوە دڵی ئیسلامە. دڵێک نەخۆشە ئەوە دڵی منافقە. دڵێک موعەللەق ئەوە دڵی کوففارە. وە سێ جۆری کە دڵ هەیە. دڵێ پڕ لە نووری ئیمان و، دڵێ لە تاوی خەفەت بریندار و، دڵێ

ئەترسێ لە زەلیل و عاجزی. مەلا وتی: ئافەرین ڕاستە. تەوەددود وتی: ئەی خەلیفە مەلا سوئالی نەما. من دوو سوئال لە مەلا ئەکەم. ئەگەر جوابی نەدایەوە لیباسەکانی داکەنی بە ڕووتی بچێتە دەرەوە. مەلا وتی: هەرچی ئارەزوو ئەکەیت سوئال بکە جوابت بدەمەوە. تەوەددود وتی: ئیمان چییە؟ مەلا وتی: ئیقرار کردنە بە زوبان و باوەڕ کردن بە دڵ و عەمەل کردنە بە فەرموودەی پێغەمبەری ئاخر زەمان. ئینسانێ ئیمانی تەواو نابێ هەتا پێنج ڕەوشتی نەبێ: (١) تەوەککول بە خودا. (٢) سپاردنی هەموو کارێ بەخودا. (٣) تەسلیم بوون بە حوکمی خودا. (٤) پێ خۆش بوونی قەزا و قەدەری خودا. (٥) هەر ئیشێک بکەیت بۆ خودا بێ. ئەو وەختە ئیمانی تەواوە. تەوەددود وتی: لە واجبترینی فەرزەکان و، لە فەرزی پێش هەموو فەرزێکەو، لە فەرزێ هەموو فەرزەکان بەو فەرزە موحتاجن و، لە فەرزێ بە ئەترافی هەموو فەرزەکانا هاتووە- خەبەرم بدەرێ. مەلا بێ دەنگ بوو، جوابی بۆ نەدرایەوە. خەلیفە ڕووی کردە تەوەددود، فەرمووی جوابی سوئالەکەت بەیان بکە، مەلا بە ڕووتی ئەکەینە دەرەوە. تەوەددود وتی: واجبترینی هەموو فەرزێ ناسینی خودایە. وەفەرزێ پێش هەموو فەرزێکە (أشهد أن لا اله الا الله وأشهد أن محمد رسول الله)یە. وەفەرزێک هەموو فەرزەکان بەو موحتاجن دەستنوێژە. وەفەرزێ بە ئەترافی فەرزەکانا هاتووە غوسلی جەنابەتە. وەختێ تەوەددود قسەی تەواو کرد، مەلا هەڵسایە سەر پێ ڕووی کردە خەلیفە، وتی: تۆ بەشاهید بە ئەم جاریە لە من عالمترە. لیباسەکانی داکەند تەسلیمی تەوەددودی کرد، بە شەرمەوە چووە دەرەوە.

ئەمجا سێهەم کەسیان بەرامبەر بە تەوەددود دانیشت، (قەڕڕاء)بوو، یەعنی قورئان خوێن، وتی: ئەی تەوەددود قورئانت خوێندووە؟ لە ناسیخ و مەنسووخ ورد بوویتەوە؟ وە لە مەککی و لە مەدەنی شارەزایت؟ تەوەددود وتی: بەڵێ، زۆر شارەزام. قەڕڕاء وتی: خەبەرم بدەرێ لە سوورەیی قورئان، وە لە ئایاتی، وە لەحورووفاتی، وە لەپێغەمبەرانی ناویان لە قورئانا بەیان کراوە، وە لە باڵندەیێ کە ناویان لە قورئانا هەیە، وە لە ناسیخ و مەنسووخی، وەلە ئایاتێ لە مەککە و لە مەدینە نازڵ بووە. تەوەددود وتی: قورئان سی جوزء و سەد و چواردە سوورەیە حەفتای لە مەککە و چل و چواری لە مەدینە نازڵ بووەو، شەش هەزار و شەش سەد و شەست و شەش ئایەتە. یەک هەزاری وەعدە، یەک هەزاری وەعیدە یەعنی هەڕەشە، یەک هەزاری ئەمرە، یەک هەزاری نەهیە. یەک هەزاری بۆ خوسووسی موحەممەدە (صلی الله علیه وسلم). یەک هەزاری قسەی پێشووە. پێنجسەدی بەحسی حەڵاڵ و حەرامە. سەدی ناوی تەسبیحی خودایە. شەست و شەشی مەنسووخە. وە

حورووفاتی سێ ملیۆن و بیست و سێ هەزار و شەش سەد و حەفتاو یەک حەرفە. قورئان خوێن بە هەر حەرفێکی دە خێری بۆ ئەنووسرێت، وە سەجدەی قورئان چواردەیە، ئەو پێغەمبەرانە کە ناویان لە قورئانا بەیان کراوە بیست و پێنج پێغەمبەرە: ئادەم، نووح، ئیبراهیم، ئیسماعیل، ئیسحاق، یەعقووب، یوسف، وەئیلیەسەع، یوونس، لووت، سالّح، هوود، شوعەیب، داوود، زولکفیل، ئیدریس، ئیلیاس، یەحیا، زەکەریبا، ئەیبووب، مووسا، عوزەیر، هاروون، عیسا، موحەممەد (صلوات الله علیهم أجمعین). وە باڵندەیێ کەناویان بەیان کراوە نۆیە: مێشوولە، هەنگ، مێش، مێروولە، پەپوو سلێمانکە، قەل، کوللە، تەیرەن ئەبابیلە، شەمشەمە کوێرە. قەڕڕا وتی: ئافەرین ڕاستە. ئەی تەوەددود، لە قورئانا کام سوورە گەورەیە و، کام ئایەت گەورەیە؟ تەوەددود وتی: گەورەترینی سوورەی قورئان سوورەی (بەقەرە)یە، گەورەترینی ئایەتی قورئان (آیة الکرسي)یە. (آیة الکرسي) پەنجا کەلیمەیە، هەر کەلیمەی پەنجا جۆر بەرەکەتی هەیە. قەڕڕا وتی: کام ئایەت نۆ ئایەت بەیان ئەکات؟ تەوەددود وتی: «ان في خلق السماوات والأرض واختلاف اللیل والنهار والفلك التي في البحر» هەتا ئاخری ئایەت. قەڕڕا وتی: کام ئایەت عەدلە؟ تەوەددود وتی: «ان الله یأمر بالعدل والاحسان وایتاء ذي القربی وینهي عن الفحشاء والمنکر والبغي». قەڕڕا وتی: کام ئایەت ئایەتی تەمەعە؟ تەوەددود وتی: «أیطمع کل أمريء منهم أن یدخل جنة نعیم». قەڕڕا وتی: کام ئایەت ئایەتی ئومێدە؟ تەوەددود وتی: «قل یا عبادي الذین أسرفوا علی انفسهم لاتقنطوا من رحمة الله، ان الله یغفر الذنوب جمیعاً. انه هو الغفور الرحیم». قەڕڕا وتی: بەچی قیرائەت قورئان ئەخوێنی؟ تەوەددود وتی: بە قیرائەتی ئەهلّی بەهەشت. قەڕڕا وتی: کام ئایەتە کافران ڕاستیان وتووە؟ تەوەددود وتی: «وقالت الیهود لیست النصاري علی شيء، وقالت النصاري لیست الیهود علی شيء». هەردوولایان ڕاستیان وتووە. قەڕڕا وتی: کام ئایەت خودا بۆ خۆی بەیانی فەرمووە؟ تەوەددود وتی: « وما خلقت الجن والانس الا لیعبدون». قەڕڕا وتی: کام ئایەتە خودا لە قەولی مەلائیکە فەرموویەتی؟ تەوەددود وتی: «ونحن نسبح بحمدك ونقدس لك». قەڕڕا وتی: لە (أعوذ بالله من الشیطان الرجیم) خەبەرم بدەرێ. تەوەددود وتی: واجبە. خودای تەعالا ئەمری فەرمووە ئەووەڵی خوێندن بە (أعوذ بالله من الشیطان الرجیم). دەلیلی ئایەتە: « فاستعذ بالله من الشیطان الرجیم». قەولی سەحیح ئەوەیە لە قورئان بەیان کراوە، لە حەدیسدا بەیان کراوە هەر وەخت موحەممەد (صلی الله علیه وسلم) دەستی ئەکرد بە خوێندن، ئەووەڵ ئەیفەرموو:

«أعوذ بالله من الشيطان الرجيم. بسم الله الرحمن الرحيم». قەڕڕا وتی: (بسم الله) بە ئایەت دانراوە؟ تەوەددود وتی: بەڵێ بە ئایەت دانراوە، لە سـوورەی نەملدا بە ئایەت ئەژمێردرێ، وە لەناو عولەمادا ئیختیلاف زۆرە بۆ خوسووسی (بسم الله). قەڕڕا وتی: مەعنای (بسم الله) چۆنە! تەوەددود وتی: گەورەیی و بەرەکەتی (بسم الله) تەواو نابێ. (بسم الله) لەهەر شتێک بخوێنرێت بەرەکەتی زۆر ئەبێ و، بەسەر هەر نەخۆشێکدا بخوێنرێ چاک ئەبێتەوە. وەختێ خودای تەعالا عەرشی ئافەریدە کرد لەرزانی گەورە بە عەرش کەوت، « بسم الله الرحمن الرحيم» لە عەرش نووسرا، لە لەرزە کەوت. وەختێ بۆ موحەممەد (صلى الله عليه وسلم) (بسم الله الرحمن الرحيم) نازل بوو، فەرمووی: لە سێ شت ئەمین بووم. ئەووەڵ بە زەوییا چوونە خوارەوە. دووەم لە مەسخ بوون. سێهەم لە غەرق بوون. گەورەیی و مەعنای (بسم الله) درێژەی زۆرە تا قیامەت تەواو بوونی نییە. قەڕڕا وتی: ئایا خودای تەعالا قورئانی بەیەک جار نازل کرد، وەیا بە جیاجیا؟ تەوەددود وتی: جوبرائیلی ئەمین لە خزمەت ڕەببولعالەمین بە بیست و سێ ساڵ بە جیا جیا قورئانی نازل کردووە سەر موحەممەد (صلى الله عليه وسلم). قەڕڕا وتی: خەبەرم بدەرێ لە ئەووەڵ سوورەیێ بۆ موحەممەد (صلى الله عليه وسلم) نازل بوو. تەوەددود وتی: بەقەولی ئیبنو عەبباس، ئەووەڵ سوورەیێ کە نازل بوو سوورەی عەلەق بوو، بەقەولی جابری کوڕی عەبدوڵڵا سوورەی موددەسسیر (مدثر) بوو. قەڕڕا وتی: لە ئاخر سوورە خەبەرم بدەرێ. تەوەددود وتی:

ئایەتی ڕیبا بوو، وە ڕیوایەت کراوە «اذا جاء...» بوو. قەڕڕا وتی: لەو قوڕڕایانەنی قورئان خوێنراوە خەبەرم بدەرێ. تەوەددود وتی: چوار کەس بوون: (١) ئوبەی بنی کەعب. (٢) مەعاز بنی جەبەل. (٣) سالم عەبدوڵڵا. (٤) عەبدوڵڵا بنی مەسعوود. قەڕڕا وتی: مەعنای «وما ذبح على النصب» چییە؟ تەوەددود وتی: ئەوانە بتێکە هەڵیانواسیوە کوففار عیبادەتی ئەکەن. قەڕڕا وتی: مەعنای چییە خودا فەرموویەتی: «يا أيها الذين آمنوا لاتحرموا طيبات ما أحل الله لكم»؟ تەوەددود وتی: شێخ ڕەحمەتی خودای لێ بێت فەرموویەتی: ڕیوایەت کراوە لە عەلی کوڕی ئەبوو تالیب وە عوسمانی کوڕی مەزعوون و لەگەڵ میقدارێ، وتیان: ئێمە تەرکی دونیا ئەکەین و لە ژنان دوور ئەکەوینەوە، تەنهایی ئیختیار ئەکەین. ئەو وەختە ئەو ئایەتە نازڵ بوو. قەڕڕا وتی:« واتخذ الله ابراهيم خليلاً» مەعنای چییە؟ تەوەدوو وتی: خەلیل یەعنی فەقیر و موحتاج وەیا مەعنای خۆشەویستی قەتعی. قەڕڕا بۆی مەعلووم بوو لە جوابدانەوە هیلاک نابێ،

هەڵسایە سەر پێیان، وتی: ئەی خەلیفە، تۆ بە شاهید بە تەوەددود لە خوێندن و لە تەفسیر لە من شارەزاترە. تەوەددود وتی: ئەی قەڕرا نۆبە سوئالی منە و جوابی تۆبە. ئەگەر جوابم نەدەیتەوە بەڕووتی بۆ دەرەوە خۆت دانێ. خەلیفە وتی: جوابت نەداتەوە ڕووت کردنەوەی لەسەر من. تەوەددود وتی: ئەی قەڕرا کام ئایەتە بیست و سێ کافی تیایە، وەکام ئایەتە شازدەمیمی تیایە، وەکام ئایەتە ئایەت سەد و چل عەینە (یەعنی چاو) وەکام حیزب ناوی (الله)ی تیا نووسراوە؟ قەڕرا جوابی بۆ نەدرایەوە. خەلیفە وتی: تەوەددود مەعنای بەیان بکە، ڕووت کردنەوەی قەڕرا ئاسانە. تەوەددود وتی: ئەی خەلیفە، ئەو ئایەتە بیست و سێ کافی تیایە لە سوورەی (بەقەرە) دایە، ئایەتی دینە. ئەو ئایەتە شازدەمیمی تیایە لە سوورەی هوودایە «قیل یا نوح اهبط» تا ئاخری. ئەو ئایەتە سەدو چل عەینە لە سوورەی (ئەعراف) دایە «واختار موسی قومە سبعین رجلا»، وە حیزبێ ناوی (الله)ی تیا نییە سوورەی (قەمەر) و(الرحمن) و(اذا وقعت الواقعة)یە. ئاخری قەڕرا بەڕووتی بە شەرمەوە ڕۆیشتە دەرەوە.

چوارەم کەسیان چووە پێشەوە حەکیم بوو، وتی: لە عیلمی دیانەت نەجاتت بوو، نۆبە عیلمی بەدەنە. حەکیم وتی: ئینسان چۆنە و چەند ئێسقانی لەبەدەندایە، وە چەند ڕەگ و دەماری هەیە و، سەری ڕەگەکان بە کوێوەیە؟ تەوەددود وتی: بەبەنی ئادەم بەوە ئەڵێن چونکە گەنم ڕەنگە. ئادەم یەعنی ڕووی ئەرز. حەزرەتی ئادەم لە ڕووی ئەرز خەلق بووە، سنگی لە خاکی کەعبە، سەری لە خاکی مەشریق، پای لە خاکی مەغریب. بۆ سەری بەنی ئادەم حەوت کون ئافەریدە بوو: دوو چاو، دوو گوێ، دوو کونە لووت، یەک دەم. چاو بۆ تەماشا کردن، گوێ بۆ بیستن، لووت بۆ هەناسە و بۆن کردن، دەم بۆ خواردن و ئەوەی لە دڵا بێ بە زوبان وتن. خودای تەعالا ئادەمی لە چوار عونسور خەڵق کردووە: لەئاو، لە ئاگر، لە خاک، لە با، سەفرا تەبیعەت، ئاگری، گەرم و وشکە. سەودا تەبیعەت، خاک، سەردو وشکە. بەڵغەم تەبیعەت، ئاو، سارد و تەڕە. خوێن تەبیعەت، باد، گەرم و تەڕە. بەنی ئادەم سێسەد و شەست ڕەگ و دوو سەد و چل ئێسقانی هەیە و سێ ڕۆحی هەیە. ڕۆحی حەیوانی، ڕۆحی نەفسانی، ڕۆحی تەبیعی. خودای تەعالا ئەوانەی هەریەکە بۆ حوکمێ تەرتیب کردووە. خودای تەعالا دڵ و سیوجگەر و سپڵ و ڕەگ و ڕیخۆڵە و گورچیلە و مێشک و ئێسقانی لەمانە بۆ خەلق کردووە. وە بیست و پێنج حەواس... بیستن و، چاو پێکەوتن و، بۆن کردن و، تام چێشتن و، لەمس کردن یەعنی سارد و گەرم زانین... لەم جۆرانە بەنی ئادەم دروست کراوە. دڵ لەتەرەفی چەپەوە کەوتووە. مەعیدە لە

بەردەمی دڵدا خەلق بووە. جگەر لای دڵەوە هەڵواسراوە. حەکیم وتی: سەری ئینسان چەند پارچەیە؟ تەوەددود وتی: سێ پارچەیە تیکەڵ بە پێنج حەواس: باتنی و، حوسنی موشتەرەک و، خەیاڵی موتەسەڕریفە و، واهیمە و، حیفزکردن کراوە. حەکیم وتی: لە گەورەیی ئێسقانەکان خەبەرم بدەرێ. تەوەددود وتی: مورەککەب لە دووسەد و چل ئێسقانە، وە بە سێ بەش بەش کراوە: سەرە، بەدەنە، تەنیشتە. وە سەر لەیازدە ئێسقانە، شەویلگەی خواروو ئەبێت بە کەللە و، بە ڕوو. وە کەللە تەرتیب کراوە لە هەشت ئێسقان. چوار ئێسقانی گوێچکەی پێوە نەسب کراوە، وە دەم و چاو بەش کراوە بە شەویلگەی خواروو و سەروو، وە دووهەم یازدە ئێسقانە. شەویلگەی سەروو و خواروو دوو ئێسقانە سی و دوو دانی پێوە نەسب کراوە. بەدەنی بەنی ئادەم سێ بەشە: پشت، سنگ و تەنیشت. سنگ بیست و چوار ئێسقانە، هەر لای دوازدە ئێسقانە. پشت بیست و چوار ئێسقانە. تەنیشت دوو قیسمە. قیسمێکی سەروو دوو شان نووساوە بە قوڕگەوە، وە قیسمێکی عیبارەتە بە قۆڵ و، قیسمێکی عیبارەتە لە ئانیشک و قیسمێکی عیبارەتە لە پەنجە و، هەر پەنجەی عیبارەتە لە چوار ئێسقان و پەنجەکان پێنج پەنجەیەو، هەر پەنجەی سێ ئێسقانە. وەلای خواروو ئەووەڵ ڕانە، یەک ئێسقانە. دووەم پووزە سێ ئێسقانە. سێهەم قاچە، ئەویش وەک پەنجەی دەستە کە بەیانمان کرد. حەکیم وتی: بەیانی ڕەگەکان چۆنە؟ تەوەددود وتی: عورووق و بەینە کە ئەسڵی ڕەگەکان لەو جیابوونەوە. ئەڵێن سێ سەد و شەست ڕەگ لە بەدەنا مەوجوودە. زوبان بۆ قسە، دوو چاو بۆ بینین، دوو کونە لووت بۆ بۆن کردن و نەفەس کێشان. دوو گوێ بۆ دەنگ بیستن. دوو دەست لە جێگەی باڵ بۆ ئیش کردن خەلق کراوە. ڕەحم لەدڵا خەلق بووە. پێکەنین لە توحال (توحال: طحال، سپڵ) دروست کراوە. مەعیدە لە جێگەی خەزێنەیە و، قەلب کۆڵەکەی بەدەنە. ئەگەر قەلب خراپ بوو، هەموو بەدەن خراپ ئەبێ. حەکیم وتی: لە نیشان و دەلیلی بەدەن خەبەرم بدەرێ. تەوەددود وتی: ئەگەر حەکیم زانست بێ تەماشای ڕووی هەرکەس بکات نەخۆشییەکەی ئەزانێ. حەکیم نەزمی دەست نەخۆش بگرێ، لەگەرمی و ساردی، وشکی و تەڕیی نەخۆش گەیشت، دەرمانی بۆ ئەدۆزێتەوە. ئەگەر نەخۆش ئازاری ئاشکرای بوو وەک زەردیی چاو، مەعلوومە یەرەقانیەتی. وە نیشانەی نەخۆشیی باتنی شەشە (١) لە ئەفعالە. (٢) لە ئیستیفراغ. (٣) لەژانەوە. (٤) لە جێگەوە. (٥) لە ئاوساوییەوە. (٦) لەئەعراز. حەکیم وتی: کام خواردن ئەزیەت ئەدات؟ تەوەددود وتی: زیادە خۆری و، بەیانیان زوو نان خواردن و ئێواران پێش بانگ نان خواردن و، زۆر جیماع

کـردن. لازمــە ئینســـان سکی بکات بە سێ: بەشـێکی بۆ خـواردن و، بەشـێکی بۆ خواردنەوەو، بەشێکی بۆ هەناسەدان، چونکە ڕیخۆڵە هەژدە بستـە. بە هێـواش ڕۆیشتن سەلامەتە. فەرمووی خودایە: «ولاتمش في الأرض مرحاً». حەکیم وتی: نیشانەی سەفرا چۆنە؟ تەوەددود وتی: زەردیی کـولم، تاڵیی دەم، نەبز خێـرا لێـدان. سـاحیب سـەفـرا نەخـۆشـە، وەک لەرزوتا و، سـەرسام و، یەرەقـان و قـورووحی ئەمـعـا، زیادیی تینوێتی. حەکیم وتی: نیشانەی سەودا چۆنە؟ تەوەددود وتی: وەسوەسە نیشانەی سەودایە. حەکیم وتی: دەرمان خواردن چ وەخت باشە؟ تەوەددود وتی: دار گەڵا بکات، میوە دەنک بکات. وەسـەلامـەتی ئەوەیە لە پاش نان خـواردن یەک سـەعـات درەنگ ئاو بخـورێتـەوە. وە هەرکـەس ئارەزوو ئەکات تووشی نەخـۆشی نەبێ، هەتا زۆر برسی نەبێ نان نەخـوات، وە مـیـقـداری برسـیـیـەتی مـابێ دەست هەڵگرێ. پێـغـەمـبـەر (صلى الله علیـه وسلم) فەرمووویەتی: مەعیدە خانووی نەخۆشییە. ئەسڵی نەخۆشی خواردنێکە لەسەر تێر خواردن بخورێت. حەکیم وتی: لە مەسئەلەی حەمام ئەڵێیت چی؟ تەوەددود وتی: بۆ حەمام چوون لەسەر تێری چاک نییـە. پێغـەمبـەر فـەرمـوویەتی: حـەمـام جێگەی چاکـە. بەدەن پاک ئەکاتەوە و جەهەننەم فکر ئەخاتەوە. وە چوونی حەمامێک چاکە ئاوی شیرین بێ و پاک بێ و بوخاری نەبێ. حەکیم وتی: تەعام کامیان چاکە؟ تەوەددود وتی: ئەو تەعامەی ژنان دروستی ئەکەن. لەهەموو تەعامێ چاکتر ئاو و گۆشتە. پێغەمبەر(صلى الله علیه وسلم) فەرموویەتی: زۆر چاکە (ثرید نسب ثرید) یەعنی ئاو و گۆشت بەنیسبەت ژنانەوە وەک عائیشە وایە. حەکیم وتی: خۆرش کامیان چاکە؟ تەوەددود وتی: چاکترینی خۆرش نان و گۆشتە. حەکیم وتی: چاکترینی گۆشت کامەیە؟ تەوەددود وتی: چاکترینی گۆشت گۆشتی شەکە. حەکیم وتی: چاکترینی میوە کامەیە؟ تەوەددود وتی: چاکترینی میوە ئەوەیە تازە پێگەیشتوو بێ. حەکیم وتی: ئاو خواردن چ وەخت باشە؟ تەوەددود وتی: بەسێ وچان ئاو خواردنەوە سەلامەتەو، بەیەک جار زەرەری زۆرە، لەپاش حەمام هاتنە دەرەوەو جیماع کردن، ئاو خـواردنەوە زۆر زەرەرەو، لەگەڵ نان خواردن ئاو خـواردنەوە چاک نییـە. حەکیم وتی: لە خواردنی شەراب ئەڵێیت چی؟ تەوەددود وتی: ئەوی لە قورئان نازل بووە بۆ تۆ کافییە «انما الخمر والمیسر والأنصاب والأزلام رجس من عمل الشیطان فاجتنبوه». شەراب دایکی هەموو فەساد و خراپەیەکە، باعیسی قەتڵ و زینا و شەڕ و شۆڕە. ئەوی شەراب خۆرە لە مردن نزیکە و عەقڵی شپرزەیە. ئەوانە شەراب ئەخۆن لەسەرخۆ خاسیەتی ئەوەیە قووەت بە مەعیدە پەیدا ئەکات و غەم دوور ئەخاتەوە، سەخاوەت ئەجووڵێنیت و

بەعزە عیللەتێ ئەپەڕێنێ. دەروون لە پیسی دوور ئەخاتەوە، مانیعی پیری ئەبێ، جوانی دێنێ. ئەگەر خودای تەعالا حەرامی نەکردایە لە هەموو دەرمانێ چاکتر بوو. حەکیم وتی: لە خوین گرتن ئەڵێیت چی؟ تەوەددود وتی: خوێن گرتن بۆ کەسێ چاکە خوێنی پیس بێ وە زیادیی خوینی زەرەری بێ. هەرکەس ئارەزووی خوێن گرتنی بوو، ڕۆژی حەڤدەی مانگ خوێن بگرێ، هەور و باران نەبێ. عەجامات گرتن عەقڵ و فام زیاد ئەکات. هەرکەس خوێن بگرێ لازمە تا یەک ڕۆژ ترشی و سوێری نەخوات. ڕۆژی سێ شەممان وەیا شیددەتی گەرما خوێن گرتن زۆر خراپە. چاکترین ڕۆژ کە خوێن بگیرێ ڕۆژی بەهارە. حەکیم وتی: لە جیماع کردن خەبەرم بدەرێ. تەوەددود سەری بەشەرمەوە داخست، وتی: ئەی خەلیفە لە جوابی عاجز نەبووم، ئەمما شەرم ئەکەم جوابی بدەمەوە. خەلیفە وتی: جواب دانەوەی لازمە. تەوەددود وتی: قانزاجی جیماع زۆرە، چونکە بەدەن پڕ لەسەودایە. جیماع ئاگری عیشق ئەکوژێنێتەوە و مەحەببەت ڕائەکێشێ، شەوق بە دڵ پەیدا ئەکات، وەحشەت دوور ئەخاتەوە، غەم و خەفەت لائەدا. جیماع کردنی زۆر لە پایز و هاویندا زەرەری زۆرە، وە جیماع کردن لەگەڵ ژنی پیر وەیا نەخۆش لە زەهر کوشندە ترە. جیماع کردن لەگەڵ ژنی گەنج و سەوزە و جوان کە تازە مەمکی کردبێ وە خوسووس لەنەجیب زادەکان بێ، ئەو جۆرانە قووەت بە پیاو زیاد ئەکات. مێردی ژنی جوان پیر بوونی نییە. چاکترینی جیماع شەو پاش نان خواردن، پێش نووستن، بە ڕۆژ پاش قاوەڵتی. حەکیم وتی: مەنی لەکوێ دێتە دەرەوە؟ تەوەددود وتی: پیاو ڕەگێکی هەیە هەموو ڕەگەکان ئاوی لێ وەرئەگرن، ئاو لە سێ سەد و شەست ڕەگ کۆ ئەکاتەوە ئەیخاتە بەیزەی چەپەوە، ئەو وەختە ئەبێ بە خوێنێکی سوور. لەپاشا لەبەر گەرمیی میزاج ئەبێتە ئاوێکی خەست و سپی، بۆنی وەک بۆنی گۆپکەی خورمایە. حەکیم وتی: خەبەرم بدەرێ کام باڵدارە مەنی و حەیزی هەیە؟ تەوەددود وتی: شەمشەمە کوێرەیە. تەوەددود وتی: ئەی خەلیفە، حەکیم لەسوئال ماندوو بوو، وەمن یەک سوئال ئەکەم جوابی بۆ نادرێتەوە. خەلیفە وتی: نەتوانێ، بە ڕووتی ئەچێتە دەرەوە. تەوەددود وتی: ئەوە چییە شتێکە وەک زەوی گرد و مودەووەرە هاتۆتەوە، زۆر وەخت لەبەر چاو گومە، بێ قەدر و بێ ئەهمیەتە، دائیما حەپسە، ڕاکردنی نییە، زەنجیر کراوە، دەردی نییە، دائیم بریندارە بە تیغی شیر، شەڕی نەکردووە، حامیلەیە ئەولادی لەسک دا نییە، چەماوەتەوە، پاڵی بەهیچەوە نەداوە، بێ ئالەتی پیاوەتی جیماع ئەکات، بێ قووەت زۆران ئەگرێ، بەشەو لە جووتی خۆی جیا ئەبێتەوە، بە ڕۆژ باوەشی پیا ئەکات؟ حەکیم ڕەنگی زەرد بوو، تا سەعاتێ قسەی بۆ

نەكرا. تەوەددود وتی: لیباسەكانت داكەنە، جوابی وەرگرە. حەكیم وتی: ئەی خەلیفە تۆ بە شاهید بە تەوەددود لە من زۆرزان ترە. حەكیم رووت بۆوە، بە خەجالەتی رۆیشتە دەرەوە. خەلیفە وتی: مەعنای مەتەلەكەت چییە؟ تەوەددود وتی: ئەوە كراسە.

ئەنجا پێنجەم كەسیان رۆیشتە پێشەوە. تەوەددود وتی: هەرچی ئارەزوو ئەكەیت سوئالی بكە. مونەججیم وتی: لە تولوعووع و غورووب خەبەرم بدەرێ. تەوەددود وتی: رۆژ لەسەرچاوەیەک دێتە دەرەوەو ئەچێتە سەرچاوەیەكەوە. ئەو جێگەی لێی دێتە دەرەوە ناوی مەشریقە. ئەو جێگەی پیا ئەچێتە خوارەوە ناوی مەغریبە. هەردوو سەد و هەشتا جوزئە. خودا فەرموویەتی: «فلا أقسم برب المشارق والمغارب». مونەججیم وتی: شەو چۆن دێت، رۆژ چۆن ئەبێتەوە؟ تەوەددود وتی: فەرموودەی خودایە: «یولج اللیل في النهار، ویولج النهار في اللیل». مونەججیم وتی: لەمەنازیلی مانگ خەبەرم بدەرێ. تەوەددود وتی: بیست و هەشت مەنزڵە (شرطین، بطین، ثریا، دیران، هقعة، هنعة، ذراع، نثرة، طرفة، جهتة، زبرة، صرفة، عوا، سمك، عفر، زبانا، اكلیل، قلب، شوكة، نعایم، بلدة، سعد، ملح، سعد ذابح، سعد السعود، ذو السعد الاجنبیة، فرع موحز، رشاد)، وەنیشان زۆر هەیە غەیرەز خودا نەبێ بۆ كەس مەعلووم نەكراوە، وە تەقسیمی مەنزڵەكان دوازدەیە، لەهەر برجێ دوو مەنزڵ و سولس ئەمێنێت، هەروەک (شرطین) و(بطین) و(ثلث) و(ثریا) و(حمل). دوو سولس (ثریا)، دیران دوو سولس (هقعە) و(مقام)، (ثورە). بەو جۆرەیە هەموو مەنزڵەكان. مونەججیم وتی: لە ئەستێرەی سەییار وە لە میزاجیان خەبەرم بدەرێ، وە لە برجی سەعد و نەحس و خانەی شەرەف و هوبووت خەبەرم بدەرێ. تەوەددود وتی: ئەستێرەی سەییار حەوتە: قەمەرە، عەتاریدە، زوهرەیە، شەمسە، میرریخە، موشتەرییە، زوحەلە. ئەمما شەمس گەرم، وشک، نزیک بەنەحس، لەنەزەر سەعدایە. لەهەر برجێ سیی رۆژ ئەوەستێ. ئەمما قەمەر سەعد و ساردە، لەهەر برجێ بیست و پێنج رۆژ ئەوەستێ، وە میرریخ نەحسە، لەهەر برجێ دە مانگ ئەوەستێ، وە موشتەری سەعدە، لەهەر برجێ یەک ساڵ ئەوەستێ. زوحەل سەرد و وشک و نەحسە، لە هەر برجێ سێ مانگ ئەوەستێ. رۆژ ئەسەدە و شەرەفی ئەو لەحەمەل و هوبووتی ئەو لە دەلوایە، وەخانەی مانگ سەرەتان و شەرەفی ئەو لەسەور و هوبووتی ئەو لەعەقرەب، دوو باڵی ئەو لە جەدی، وە زوحەل خانەی جەدی و دەلو شەرەفی ئەو، وە میزان و هوبووتی ئەو لە حەمەل و باڵی ئەو لەسەرەتان و هوبووتی ئەو لەجەدی و باڵی ئەو لە جەوزا و ئەسەدە و، زوهرە خانەی سەور و شەرەفی ئەو لە حووت و هوبووتی ئەو لە میزان و باڵی لە

عەقرەب و زوحەلدایە و خانەی عەتارید و جەوزا و سونبولە و، شەرەفی ئەو و هوبووتی ئەو لە حووت و باڵی لە سەورایە، وەخانەی میرریخ حەمەل و عەقرەب و، شەرەفی ئەو لە جەدی و هوبووتی ئەو لەسەرەتان و باڵی لە میزانایە. وەختێ مونەججیم ناوی ئەستێرەکانی بۆ بەیان کرا زانیی تەوەددود هەموو جۆرە جوابێکی بۆ ئەدرێتەوە، ئارەزووی کرد لە ڕێگەی حیلەوە سوئال لە تەوەددود بکات. مونەججیم وتی: ئەی تەوەددود، ئەم مانگە باران ئەبارێت. تەوەددود سەری داخست، بێ دەنگ بوو. خەلیفە وتی: وا دیارە تەوەددود جوابی بۆ نادرێتەوە. تەوەددو وتی: ئەی خەلیفە لە جوابی عاجز نەبووم. ئەمما بە ڕوخسەتی خەلیفە شمشێرێ داوا ئەکەم لە گەردنی ئەم فەرمەسۆنە بدەم. خەلیفە و حازران پێکەنین. تەوەددود وتی: ئەی مونەججیم پێنج ئەشیا هەیە لە خودا زیاتر بۆ کەس مەعلووم نەکراوە. ئەنجا ئەم ئایەتەی خوێندەوە: «ان الله عنده علم الساعة، وينزل الغيث، ويعلم ما في الارحام، وما تدري نفس ماذا تكسب غداً، وما تدري نفس بأي أرض تموت. ان الله عليم خبير». مونەججیم وتی: ئافەرین ئەی تەوەددود، لە ئیمتیحان زیاتر مەقسەدێکی کەم نەبوو. تەوەددود وتی: هەر ڕۆژێ ئەستێرەیەک هەیە، ئەو ئەستێرەیە ساحێبی ئەو ڕۆژەیە، ئەگەر ئەو ساڵە ئەووەڵ ڕۆژی شەنبە بوو، دەلالەت ئەکات لە قاتی ، بەنی ئادەم زۆر ئەمرن، ئەهالیی میسر و شام لە زوڵمی پادشاە هەراسان ئەبن، هەردوو زۆر ئەبێ، بەرەکەتی زەراعەت کەم ئەبێت. ساحێبی ئەو ڕۆژە زوحەلی ناوە. سەری ساڵ یەکشەنبە بوو دەلالەت ئەکات لە زوڵمی پادشاە و حاکمان. پیاوان زۆر ئەمرێ و مەشەققەت زۆر ئەکێشن. کەم بارانی ئەبێت. بەری دانەوێڵە ئەبێ. نیسک و تەڕی ئەفەوتێت. شەڕ و شۆڕ لەناو پادشاهانا پەیدا کەم ئەبێت. ناوی ساحێبی ئەو ڕۆژە ئافتابە. سەری ساڵ دووشەنبە بوو دەلالەت ئەکات لە چاکەی بەختی حاکمان، لە زۆریی بەری میوە و دار زۆر بوون. نیسک و کەتان کەم ئەبێ، تاعوون پەیدا ئەبێ. چوارپێ ئەمرێ. تەڕی و هەنگوین و پیو هەرزان ئەبێ. ساحێبی ئەو ڕۆژە ناوی قەمەرە. سەری ساڵ سێ شەنبە بوو دەلالەت ئەکا لە مردنی گەورە زادان و خوێن ڕشتن، قاتی و گرانی و کەم بارانی، وە ماسی کەم ئەبێ. نیسک و هەنگوین و جۆ هەرزان ئەبێ. موحارەبە لەناو حوکوومەتەکانا پەیدا ئەبێ. گوێدرێژ زۆر ئەمرێ. ساحێبی ئەو ڕۆژە ناوی میرریخە. سەری ساڵ چوارشەممە بوو دەلالەت ئەکات پیاوان بەزەحمەت ئیدارە ئەکەن. لەناو میللەتدا دوشمنایەتی پەیدا ئەبێ، میقداری باران کەم ئەبارێ. میقداری زەراعەت ئەفەوتێ. مناڵ و چوارپێ زۆر ئەبێ. مردن لەناو بەحردا پەیدا ئەبێ. گەنم گران ئەبێ و

سائیرەی دەغڵ هەرزان ئەبێ. ڕەعد و بەرق زۆر ئەبێ. هەنگوین و خورما و کەتان و پەنبۆ زۆر ئەبێ. ساحێبی ئەو ڕۆژە ناوی عەتاریدە. سەری ساڵ پێنج شەنبەبێ دەلالەت ئەکات وەزیران عادل ئەبن، قازی و مەلایان و ئەهلی دین ئیدارەیان چاک ئەبێ. میوە، دەنکی بەردار، دار و گیا زۆر ئەبێ. هەنگوین و تەڕی و پەنبۆ و کتان هەرزان ئەبێ. ساحێبی ئەو ڕۆژە ناوی موشتەرییە. سەری ساڵ جومعە بوو دەلالەت ئەکات لە درۆ و بوهتان. لە پایزا چاک ئەبێ. هەرزانی ئەکەوێتە شارانەوە، فەساد لەبەحردا ئاشکرا ئەبێ و لەبەڕ دا زۆر ئەبێ. تۆوی کەتان و گەنم و هەنگوین گران ئەبێت. تەڕی و کاڵەک ئەفەوتێت. ساحێبی ئەو ڕۆژە ناوی زوهرەیە. هەموو ئەم مەسئەلەیە خودا ئەیزانێ، ڕاجیعە بە قودرەتی خودا .
ئەی مونەججیم یەک سوئال لە تۆ ئەکەم، جواب نەدەیتەوە حازر بە بە ڕووتی ئەچیتە دەرەوە. مونەججیم وتی: سوئالەکەت چییە؟ تەوەددود وتی: جێگەی زوحەل لە کوێیە؟ مونەججیم وتی: لە ئاسمانی حەوتەم. تەوەددود وتی: جیگەی موشتەری لە کوێیە؟ مونەججیم وتی: لە ئاسمانی شەشەم. تەوەددود وتی: جێگەی میرریخ لەکوێیە؟ مونەججیم وتی: لەئاسمانی پێنجەم. تەوەددود وتی: جگەی ڕۆژ لەکوێیە؟ مونەججیم وتی: لە ئاسمانی چوارەم. تەوەددود وتی: جێگەی عەتارید لەکوێیە؟ مونەججیم وتی: لە ئاسمانی دووەم. تەوەددود وتی: جێگەی مانگ لە کوییە؟ مونەججیم وتی: لە ئاسمانی یەکەم. تەوەددود وتی: ئەستێرەکان لەسەر چەند قیسمە؟ مونەججیم جوابی بۆ نەدرایەوە. خەلیفە ئەمری کرد بە ڕووت بوونەوەی مونەججیم. تەوەددود وتی: ئەی خەلیفە، ئەستێرەکان لەسەر سێ قیسمە، قیسمێکیان بە ئاسمانی یەکەمەوە دونیا ڕۆشن ئەکاتەوەو، قیسمێکیان بۆ بەحر ڕوون کردنەوە بە هەواوە وەستاوەو قیسمێکیان بۆ شەیاتین دوورخستنەوە وەک دەلیلی ئایەتە «ولقد زينا السماء الدنيا بمصابيح وجعلناها رجوماً للشياطين». مونەججیم وتی: یەک دوو سوئال ماوە ئەگەر جواب بدەیتەوە بە زانستیی تۆ شەهادەت ئەدەم و ڕووت بوونەوە بەعار نازانم، لیباسەکانم تەسلیم ئەکەم. تەوەددود وتی: سوئالەکانت چییە؟ مونەججیم وتی: ئەوە چییە چوار ئەشیا بەیەکەوەن و بە یەک دوشمنن؟ تەوەددود وتی: ئەو چوار ئەشیایە گەرما و تەڕی و ڕوتووبەت و وشکییە. خودا لە گەرمی ئاگری خەلق کردووە، تەبیعەتی ئەو گەرم و وشکە. لەتەڕی ئاوی خەلق کردووە، تەبیعەتی ئەو سارد و تەڕە. لەڕوتووبەت هەوای خەلق کردووە، تەبیعەتی ئەو گەرم و تەڕە. لە وشکی خاکی خەلق کردووە، تەبیعەتی ئەو سارد و وشکە. خودای تەعالا دوازدە برجی خەلق کردووە: حەمەل، ثەور، جەوزا، سەرەتان، ئەسەد،

سـونبـوله، مـیـزان، عـەقـرەب، قـەوس، جـەدی، دەلو، حـووت. ئەو برجـانە لەسـەر چوار تەبیـعـەتن، سێ برج لەوان نارییە، سێ برج خاکـیـیە، سێ برج بادییە، سێ برج ئاوییە. حەمەل، قەوس، ئەسەد ئاگرییە. ثەور، سونبولە، جەدی خاکـیـیە. جەوزا، میزان، دەلو بادییە. سەرەتان، عـەقـرەب، حووت ئاوییـە. مـونەجـجـیم وتی: دەهر مـەعنای چییـە؟ تەوەددود وتـی: دەهر ناوی ئەوقـاتـی شـەو و ڕۆژە. مـوحـەممەد (صلی الله علیـه وسلم) فـەرمـوویەتی: جنێـو بە دەهر مـەدەن، بە ڕاسـتی دەهر ناوی خـودایە، وە جنێـو بە ئەوقـات نەدەن «فـان السـاعـة آتیـة لاریب فـیـهـا»، وە جنێو بە زەوی نەدەن «منهـا خلقناکم وفـیـهـا نعـیدکم ومنهـا نخرجکم تارة اخری» مونەججیم وتی: لە پێنج ڕۆح لەبەر خەبەرم بدەرێ خواردن و خواردنەوەیان بوو، لە سک نەزاون. تەوەددود وتی: ئادەم ، شەمعوون، حوشتری سالّح پێـغـەمـبـەر، فـیدیـەی ئیـسمـاعـیل، پەڕندەیێ لە غـارا ئەبووبەکـر چاوی پێ کـەوت. مـونەجـجـیم وتی: لـەو پێنجە ئەچنە بەهەشـتـەوە نە لە ئادەمن، نەجینن، نە مـەلائیکەن خەبەرم بدەرێ. تەوەددود وتی: گورگی یەعقووب، سەگی ئەسحابی کەهف، کەری عوزەیر، حوشتری سالّح پێغەمبەر، دولّدولّی موحەممەد (صلی الله علیه وسلم). مونەججیم وتی: ئەوە کێ بوو نوێژی ئەکرد نە لە زەوی نە لە ئاسمان؟ تەوەددود وتی: سولەیمان پێـغـەمـبـەر بوو لەسـەر تـەخت نوێژی ئەکـرد، تـەخـتـەکەی بەسـەر پشـتی باوە بوو. مـونەجـجـیم وتی: خەبەرم بدەرێ لەو کەسە نوێژی سوبحی کرد تەمـاشای کـارەکـەری کرد، بەو حەرام بوو. نیـوەڕۆ بەو حەلاڵ بـوو. وەختـی عـەسر بەو حـەرام بوو. وەختـی مـەغـریب بەو حـەلاڵ بوو. وەختـی عیشا بەو حەرام بوو. بۆ سوبحەینێ بەو حەلاڵ بوو تەوەددود وتی: ئەوە پیـاوێک نوێژی سوبحی کرد، چاوی بە جاریەیەک کەوت بەو حەرام بوو. نیوەڕۆ کڕیی، بەو حەلاڵ بوو. عـەسر ئازادی کرد، بەو حەرام بوو. وەختـی مـەغریب مارەی کردەوە، بەو حەلاڵ بوو. وەخـتـی عـیـشـا تەڵاقی دا، بەو حـەرام بوو. بۆ سـبـحـەینێ مـارەی کـرد، بەو حـەلاڵ بوو. مونەججیم وتی: ئەوە کێ بوو شەو و ڕۆژ لە ساحێبی جیا نەبووەوە؟ تەوەددود وتی: یۆنس لەسکی مـاسییا شەو و ڕۆژ جیا نەبووەوە. مـونەجـجـیم وتی: خەبەرم بدەرێ لە زەوییـەک یەک جـار خـۆری لێ داوە، وە لە داوێنی ئەووەڵ جـار بە زەوییـا ڕاکـێـشـراوە، وەلەشـتێ نەفسی هەیە ڕۆحی نییە. تەوەددود وتی: ئەو زەوییە یەک جار خۆری لێ دا ئەو بەحرە بوو بە عـەسـای مـووسا شـەق بوو، لە دوای مـووسـا هاتەوە یەک. ئەو دامـێنە ئەووەڵ جـار بە زەوییا ڕاکیشرا، دامێنی هاجەرە خاتوون بوو لە شەرمی سارە خاتوون بە زەوییا ڕایکێشا. ئەو شتەی نەفسی هەیە ڕۆحی نییە «والصبح اذا تنفس». مونەججیم قسەی تەواو بوو.

لیباسەکانی داکەند، بەشەرمەوە ڕۆیشتە دەرەوە.

ئەنجا شەشەم کەسیان ڕۆیشتە پێشەوە، ناوی (نیزامی)بوو، ڕووبەڕووی تەوەددود دانیشت، وتی: من بەوانە مەزانە. تەوەددود وتی: بۆم ئاشکرا بوو لەوان کەمتری، چونکە خۆت هەڵئەکێشی. هەتا زووە بنێرە دەستێ لیباسی کەت بۆ بێنن. نیزامی وتی: کارێکت بەسەر دێنم بە عیبرەت لە دونیا بگێڕرێتەوە. تەوەددود وتی: ئومێد دەکەم دەرپێکەت لە قاچ دامالم، دەستێکت بە پێش و دەستێکت بە پاش بگریت، بچیتە دەرەوە. نیزامی وتی: خەبەرم بدەرێ لەو پێنجە لەپێش هەموو شتێکدا خەلق کراوە. تەوەددود وتی: (١) خاک. (٢) ئاو. (٣) با. (٤) ڕووناکی. (٥) تاریکی. نیزامی وتی: چییە خودا بە دەستی قودرەتی خۆی خەلقی کرد؟ تەوەددود وتی: عەرش، داری توبا و بەهەشت. وەسائیرەی ئەشیا و مەخلووقات خودا فەرمووی: ببە، بوون. نیزامی وتی: خەبەرم بدەرێ ئەوە چی بوو ئەووەڵ دار بوو، ئاخری ئەبوو بە ڕۆح لەبەر؟ تەوەددود وتی: عەسای مووسا بوو هەر وەخت ئارەزووی ئەکرد بە ئەمری خودا ئەبوو بە ئەژدەها و پاسەوان، وەیا مووسا عەساکەی بە زەوییا ئەچەقان، ئەڕواو میوەی ئەگرت مووسا ئەیخوارد و، لە ژێر سێبەری ئیسراحەتی ئەکرد. وە ئەگەر مووسا لە ڕۆیشتن ماندوو ئەبوو، سواری عەساکە ئەبوو وەک وڵاغ ئەڕۆیشت. وە ئەگەر مووسا ئەخەوت عەساکە وەک شوان ئاگاداری حەیوانەکان ئەبوو. نیزامی وتی: خەبەرم بدەرێ لەو ژنە لەپیاو خەلق بوو، وە لەو پیاوە لە ژن خەلق بوو. تەوەددود وتی: حەوا لە ئادەم و عیسا لە مریەم خەلق بوون. نیزامی وتی: لە بەستراو و لە کراوە خەبەرم بدەرێ. تەوەددود وتی: بەستراو فەرزە، کراوە سونەتە. نیزامی وتی: مووسا لە حوزووری خودا چەند کەلیمە قسەی کرد؟ تەوەددود وتی: لە پێغەمبەرەوە ریوایەت کراوە خودای تەعالا لەگەڵ مووسا هەزار و پێنج سەد کەلیمەی تەکەللوم کرد. نیزامی وتی: خەبەرم بدەرێ ئەو چواردەیە چییە قسەیان لەگەڵ خودا کرد؟ تەوەددود وتی: حەوت ئاسمان، حەوت تەبەقەی زەوی «أتينا طائعين». نیزامی وتی: ئادەم چۆن خەلق بووە؟ تەوەددود وتی: ئادەم خەلق بوو لەگڵ و، گڵ لە کەف و، کەف لەبەحر و، بەحر لەتاریکی و، تاریکی لە نوور و، نوور لە ماهی و، ماهی لەبەردی سەخت و، بەرد لە یاقووت و، یاقووت لە ئاو و، ئاو لە قودرەتی ئەوەوە «انما أمره اذا أراد شيئاً أن يقول له كن فيكون». نیزامی وتی: خەبەرم بدەرێ سیرات چۆنە؟ تەوەددود وتی: سیرات سێ هەزار ساڵ ڕێگەیە، هەزار سەرو ژوور، هەزار ڕاست، هەزار سەروخوار. بۆ گوناهبار لە شمشێر تیژتر، لە موو باریکترە. نیزامی وتی: موحەممەد (صلی الله علیه

وسلم) چەند شەفاعەت ئەکا؟ تەوەددود وتی: سێ شەفاعەت ئەکات. نیزامی وتی: ئەو کەسە ئەووەڵ جار ئیمانی بە موحەممەد هێنا کێ بوو؟ تەوەددود وتی: ئەبووبەکری سیددیق بوو. نیزامی وتی: عەلی پێش ئەبووبەکر ئیمانی هێنا یان پاش ئەبووبەکر؟ تەوەددود وتی: عەلی لە منالێییەوە خودا هیدایەتی دا، قەتعیییەن بتی نەپەرستووە. نیزامی وتی: عەلی و عەبباس کامیان گەورەترن؟ تەوەددود ڕەنگێکی هێناو برد سوور هەڵگەڕا، وتی: تۆ قسە لە دوو گەورە بۆچ ئەکەیت هەردوکیان وەک یەک خۆشەویست و حورمەتدارن؟ خەلیفە ڕاست بووەوە، وتی: ئافەرین تەوەددود بۆ زیرەکیت؟ نیزامی وتی: لە هەنگوین شیرینتر لە شمشێر بڕندەتر، لە زەهر کوشندەتر چییە، وە لەزەتی وەخت و، خۆشیی سێ ڕۆژە و، خۆشترین وەخت و، خۆشیییەک حەفتە و، حەقێ خودا بە تاڵی نەکات و، زیندانی دڵ و، خۆشیی دڵ و، مەکری نەفس و، مردنی زیندوویەتی و، دەردی بێ دەرمان و، عەیبێ لابردنی نەبێ، چییە؟ وە ڕۆح لەبەرێ لە ئاوەدانییا نییە، لە وێرانە جێگە ئەکات، دوشمنی بەنی ئادەمە، لە حەوت ڕۆح لەبەر خەلق بووە، کامەیە؟ تەوەددود وتی: کراسەکەت داماڵە، مەعنای بەیان بکەم. خەلیفە وتی: تۆ بەیانی بکە داکەندنی کراسەکەی لەسەر من. تەوەددود وتی: لەهەنگوین شیرینتر ئەولادە. لە شمشێر بڕندەتر زوبانە. لەزەهر کوشندەتر نەفسی نەفەس پیسانە، وە لەزەتی وەخت جیماع کردنی ژنانە. وە خۆشیی سێ ڕۆژە داروو گرتنی ژنانە، وە خۆشترین وەخت ڕۆژی بەیع و شیرایە، وە خۆشیی یەک حەفتە زاوا و بووکییەتییە، وە حەققێ خودا بە تاڵی نەکات مردنە، وە زیندانی دڵ کوڕی ناساڵحە، وە خۆشیی دڵ ژنێکە لە ئیتاعەی مێردایە. مەکری نەفس مەملووکیی نافرمانە. مردنی زیندوویەتی فەقیرییە. دەردی بێ دەرمان سەودای عیشقە. وە عەیبێ لابردنی نییە کچی بەد ئەتوارە. وە ڕۆح لەبەرێ لە ئاوەدانی نییە لە چۆڵ ئەنیشێت دوشمنی بەنی ئادەمە. لە حەوت ڕۆح لەبەر ئیجاد بووە کوللەیە، سەری وەک سەری ئەسپ، ملی وەک ملی گا، باڵی وەک باڵی کەرگەس، پێی وەک پێی حوشتر، کلکی وەک کلکی مار، سکی وەک سکی دووپشک وایە. شاخی وەک شاخی ئاسک ئەنوێنێ. خەلیفە جوابەکانی زۆر پێ خۆش بوو، ئەمری کرد بە داکەندنی کراسەکەی نیزامی نیزامی وتی: ئەی تەوەددود دەرپێکەم دامەکەنە، کیتابێ بە شیعر لە وەسفت دروست ئەکەم. تەوەددود وتی: لازمە بە ڕووتی بچیتە دەرەوە ئەگەرچی کیتابێ لەزەم دروست بکەیت، منیش حاشیەی بۆ دروست ئەکەم، بە تەخمیس لە عەیب و خۆ هەڵکێشانت. خەلیفە ناردی کراسێکیان بۆ ئیبراهیمی نیزامی هێناو کراسەکەی بۆ

تەوەددود داکەند، وتی: موبارەکت نەبێ.

حەوتەم کەسیان وەستای شەترەنجێ بوو چووە پێشەوە، دەستیان کرد بە یاری کردن. هەر موهرەیێ وەستای شەترەنج فڕێی ئەدا تەوەددود بەتاڵی ئەکرد، هەتا شەترنجی مات بوو. وتی: بۆیە بە هێواش یاری ئەکەم تەماع ئەنێمە بەرت. ڕاوەستە، ئێستا یاریت پیشان ئەدەم. دووبارە دەستیان کرد بە یاری هەتا وەستا بێهۆش بوو. تەوەددود پێکەنی، وتی: ئەی وەستا، من فەرزین و ڕەخ و مەیمەنە و ئەسپ یەک جار هەڵئەگرم، وە ئەگەر تۆ لە منت بردەوە کراسەکەم دائەکەنم، وە ئەگەر من بردمەوە کراسەکەت داکەنە. وەستا ڕازی بوو. تەوەددود دەستی کرد بە موهرە هاوێشتن. فەرزینی کرد. بەیدەقی ڕەخی بە بەیدەقی ئەسپ گەیاند. وەلە پێنجەم و شەشەم بوو بە شاه. لە پاشا دەستیان کرد بە نەردێن. بەینی زۆر نەبوو وەستا دۆڕاندی. وەستا هەستایە سەرپێی، وتی: ئەی خەلیفە، بەنیعمەتی تۆ قەسەم جۆری ئەم بەڵایە نییە، وە هەتا بە ڕۆح زیندوو بم لە بەغدادا یاری نەکەم.

ئەنجا خەلیفە ڕووی کردە تەوەددود وتی: ئالەتی تەرەب ماوە. تەوەددود وتی: ئەمر بفەرموو بە حازر کردنی. وەختێ عوودی گرت بە دەستەوەو، بە دەنگێکی خۆش دەستی کرد بە شیعر خوێندنەوەو عوود لێدان. ئاو لە ڕۆیشتن، تەیر لە فڕین ڕائەوەستا. بەدەنگێکی نەرم و حەزینەوە دەستی کرد بە شیعر خوێندنەوە هەتا حازران بێهۆش بوون. لەپاشا تەوەددود هەستا دەستی خەلیفەی ماچ کرد و خەلیفە ئەمری کرد دە هەزار ئاڵتوونی سوور بدەن بە ئەبولحەسەن. تەسلیمیان کرد. وە ڕووی کردە تەوەددود وتی: هەرچی ئارەزوو ئەکەیت بەیانی بکە پێت عەتا بکەم. تەوەددود وتی: «وما الاحسان الا بالتمام». وە ئەگەر مەرحەمەت ئەفەرموویت ببەخشەرەوە بە ئەبولحەسەن. خەلیفە قوبووڵی کرد و میقدارێ ئاڵتوونی نایابی لەگەڵ میقدارێ ئەلبیسە و لەوازیماتی ماڵی پێ بەخشی و دایەوە بە ئەبولحەسەن. شەفەقەت و مەرحەمەتی ئیبنو عەبباسی ئەوە بوو دە هەزار دینار و خەڵاتێکی زۆر و جاریەکی بە ئارەزوو بەخشییەوە بە ئەبولحەسەن.

«ئەووەڵی نووسینەوە دەست پێ کرا ١٠ی تەشرینی ئەووەڵی سەنە ١٩٣٤»

«تەواو بوونی گەلاوێژ ٢٠ی تەشرینی ثانی سەنە ١٩٣٤»

سەد ئامۆژگاریی لوقمانی حەکیم

١- ئەی ڕۆحی باوکت، خودای تەنها بناسە.
٢- هەر وەعز و ئامۆژگارییەک ئەڵێیت، ئەووەڵ خۆت بیکە.
٣- قسە بە ئەندازەی خۆت وەرگرە.
٤- حورمەتی پیاوان بزانە.
٥- حورمەتی هەموو کەس بناسە.
٦- ئاگات لە سڕی خۆت بێ.
٧- ڕەفیقت لە وەختی سەغڵەتی تاقی کەرەوە.
٨- دۆست بە قانزاج و زەرەر تەجرەبە بکە.
٩- لە کەم عەقڵ و نەزان دوور بە.
١٠- ڕەفیقی زیرەک و عاقڵ بگرە.
١١- لە کاری خێر عەجەلە بکە.
١٢- ئیعتیماد بە ژنان مەکە.
١٣- تەدبیر بە پیاوی ساڵح و عەقڵدار بکە.
١٤- قسە بە دەلیل بکە.
١٥- گەنجی بە تالاّن بزانە.
١٦- لە وەختی گەنجی کاری هەردوو دنیا بکە.
١٧- ڕەفیقی دۆستت بە خۆشەویست بزانە.
١٨- لەگەڵ دۆست و دوشمن ڕووخۆش بە.
١٩- خزمەتی دایک و باوکت بە تالاّن بزانە.
٢٠- وەستات لە باوکت بە چاکتر بزانە.
٢١- خەرجی بە ئەندازەی قانزاج بکە.
٢٢- لە هەموو کارێکا ئەوسەت بە.
٢٣- پیاوەتی و چاکە بە ڕەوشت بگرە.
٢٤- خزمەتی میوان بە واجب بزانە.
٢٥- ئەچیتە هەر ماڵێ ئاگات لە چاو و زوبانت بێ.
٢٦- جل و بەدەن پاک بی.
٢٧- لەگەڵ جەماعەت ڕەفیق بە.
٢٨- ئەولادت فێری عیلم و ئەدەب بکە.
٢٩- ئەگەر مومکینت بوو فێری تیر ئەندازی و سواریی بکە.
٣٠- کەوش و گۆرەوی ئەووەڵ پێی ڕاست لەپێ کە، ئاخری پێی چەپ داکەنە.

٣١- لەگەڵ هەموو کەس کار بە قەدەر ئەو بکە.
٣٢- بە شەو قسە ئەکەیت بە هێواشی و نەرم بیکە. بە ڕۆژ قسە ئەکەیت بە هەموو لایەکا بڕوانە.
٣٣- کەم خواردن، کەم نووستن، کەم وتن بە عادەت بگرە.
٣٤- هەرچی بە خۆت لایق نەبێ بە خەڵقی لایق مەبینە.
٣٥- کار بە زانستی و بە تەدبیر بکە.
٣٦- لەگەڵ ژن و منداڵ قسەی سرڕی ئاشکرا مەکە.
٣٧- چاوت لە ماڵی کەس نەبێ.
٣٨- چاوت لە وەفای نا ئەسڵان نەبێ.
٣٩- بێ خۆف مەچۆ بۆ کار.
٤٠- ناکردوو بە کردوو مەژمێرە.
٤١- کاری ئیمڕۆ مەخەرە سبحەینێ.
٤٢- لەگەڵ لە خۆت گەورەتر دەسبازی مەکە.
٤٣- لەگەڵ گەورە قسە درێژ مەکەرەوە.
٤٤- خەڵقی بەسەرخۆتا زۆردار مەکە.
٤٥- ئەوی موحتاجتە نائومێدی مەکە.
٤٦- فکری شەڕی ڕابوردوو مەکەرەوە.
٤٧- خێری خەڵقی تێکەڵ بە خێری خۆت مەکە.
٤٨- ماڵت بە دۆست و دوشمن مەنوێنە.
٤٩- خزمایەتی لە خزم مەبڕە.
٥٠- کەسێ کە چاک بوو غەیبەتی مەکە.
٥١- بە خۆت مەنازە.
٥٢- جەماعەتێ کە وەستا تۆش موافەقەتیان بکە.
٥٣- ئەمووست بە ئەمووستا مەماڵە.
٥٤- لەبەر چاوی خەڵق دان مەئاژنە.
٥٥- چڵم و تف بە قایم و دەنگی بەرز فڕێ مەدە.
٥٦- لە باوێشکا دەست بە دەمەوە بگرە.
٥٧- لەبەر چاوی خەڵق خۆ هەڵکێشان و فیتنەیی مەکە.
٥٨- ئەمووست بە لوتتا مەکە.
٥٩- قسەی ڕاست و درۆ تێکەڵ مەکە.
٦٠- لەبەر چاوی خەڵق کەس تەریق مەکەرەوە.
٦١- ئیشارەت بە چاو و ئەبرۆ مەدە.

٦٢- قسەی بێژراو تەکرار مەکەرەوە.
٦٣- لەقسەیەک پێکەنین بێنێ خۆت بپارێزە.
٦٤- مەدح و سەنای خۆت و خزمت لای کەس مەڵێ.
٦٥- وەک ژنان خۆت ئارایشت مەکە.
٦٦- هەرگیز بە ئومێدی ئەولاد مەبە.
٦٧- ئاگاهداری زوبانت بە.
٦٨- لە وەختی قسەکردنا دەست مەجووڵێنە.
٦٩- حورمەتی هەموو کەس بزانە.
٧٠- لەگەڵی ئەتوار خراپان ڕەفیق مەبە.
٧١- ناوی مردوو بە خراپ مەبە.
٧٢- هەتا ئەتوانی شەڕ و هەرا دامەگیرسێنە.
٧٣- قووەتی خۆت مەنوێنە.
٧٤- کەسێ تەجرەبە کرابێ بە چاک، تۆ بە خراپی مەزانە.
٧٥- نانی خۆت لەسەر سفرەی کەس مەخۆ.
٧٦- لەکار کردنا پەلە مەکە.
٧٧- بۆ دونیا خۆت عەزیەت مەدە.
٧٨- هەرکەس ناسیاوتە ئەوە بناسە.
٧٩- لە وەختی غەزەبدا قسەی فامیدە بکە.
٨٠- بە فەقیانە لووت مەسڕە.
٨١- لەوەختی هەڵهاتنی ڕۆژ مەنوو.
٨٢- لە ڕێگە پێش لە خۆ گەورەتر مەکەوە.
٨٣- مەچۆرە ناو قسەی خەڵقەوە.
٨٤- سەر مەخەرە سەر ئەژنۆ.
٨٥- تەماشای ڕاست و چەپ مەکە، بۆ بەردەمی خۆت بڕوانە.
٨٦- ئەگەر ئەتوانی بە ڕووتی سواری ئولاغ مەبە.
٨٧- لەبەردەمی میوان لە کەس تووڕە مەبە.
٨٨- ئیش بە میوان مەسپێرە.
٨٩- لەگەڵ شێت و سەرخۆش قسە مەکە.
٩٠- لەگەڵ عاقلان و پادشاهان لەسەری کووچە دامەنیشە.
٩١- بۆ قانزاج و زەرەر ئابڕووی خۆت مەبە.
٩٢- لووت بەرز و ساحێب کیبر مەبە.

٩٣- ڕقی خەڵقی مەخەرە دڵەوە.
٩٤- لە شەڕ و فیتنە پارێزگاری بکە.
٩٥- بێ کێرد و ئەمووستیلە، بێ پارە مەبە.
٩٦- ئاگات لە خۆت بێ سووک نەبی.
٩٧- خۆت قورس ڕاگرە.
٩٨- بە ڕاستی ڕوو بکەرە خوا.
٩٩- بە ئارەزووی نەفس مەڕۆ.
١٠٠- لەگەڵ خەڵق بە ئینساف بە. خزمەتی گەوران بکە. شەفەقەت لەگەڵ وردان بکە. فەقیران بێ بەش مەکە. لەگەڵ دۆست و ڕەفیقان بە ئامۆژگاری بە و، حوکم بەسەر دوشمنانا بکە. لەگەڵ جاهیلان مەدوێ. لەگەڵ عالمان لە ڕێگەی دیانەت خەریک بە. تەمەع مەکەرە ماڵی کەس. ماڵ هاتە بەر دەستت، دەستی پێوە مەنێ. بێژراوە لێیان پرسی: بلووغ بوون مەعنای چییە؟ فەرمووی: مەعنای ئەوەیە شەهوەت لە پیاو بێتە دەرەوە و، پیاو لەمنەت نان بچێتە دەرەوە.

تەواو بوو

بەباڵابڕین

چەند چیرۆکێکم لەم کتێبە خوێندنەوە. بە ڕاستی موتەرجیم.، مەلا کەریم، شایانی سوپاس و ستایشە. بەڵام، داخی بەجەرگم، ئەبێ ئەم کتێبە، بۆ چاپکردن، جارێکی تر بەشێوەی نووسینی زمانی کوردی ڕوونووس بکرێتەوە. هەندێ لە وشە و گوتاری بگۆڕرێن. مۆری وێنەکانی دروست بکرێت. ئەمەش کۆشش و پارەی زۆری ئەوێت. کۆستم کەوێ! لە بازرگان و پارە زۆرەکانی کوردا هاندەرێکی وەها نییە ئەم ئیشە چاکە بکات، هەتا وەرگێڕ بتوانێ جارێکی تر ئەم تەقەلایە بدات. پەنا بەخوا.

١٩٥٠/١/٢٧ - بەغدا: محەمەد عەلی کوردی

***

حەقیقەت لە خوێندنەوەی ئەم وەرگێڕراوە لە زمانی فارسییەوە، ئازایەتی و کۆشش بە خەرج کراوە. وەبۆ ئەو کەسانەی موشتەری بن بە خوێندنەوەی ئیستیفادەیەکی فەوقەلعادە وەرئەگیرێت. زۆر سوپاسی خاوەنی وەرگێڕ ئەکەین ئەم خزمەتەی بۆ بەجێ هێنانەوە. بەڵام نوقسانییەت ماوە بۆ جیهەتی ئەم کتێبە. ئەو کەسانەی ساحێب هیممەتن هەوڵ بدەن بۆ تەبع کردنی.

مەلا حەسن زادە عوبەیدوڵڵا عەبدولعەزیزی مەلا عەلیی سەحاف

***

تەحسینی موتەرجیمی ئەم کتێبە ئەکەم بۆ حیسیباتی. لاکین ئەگەر هیممەت بکا بۆ تەبع کردنی، خزمەتێکی گەورەتر و بەقیمەتتر کوردێک ئەبێ، وە ئەو وەقتە هەموو کەس ئیستیفادەی لێ ئەکا.

١٩٣٥/١٠/٢٢: کوردێک

***

زۆر تەقدیری موتەرجیمی ئەم کتێبە ئەکەم، وە تەبع کردنی ئەبێتە سەبەبی خزمەتێکی زۆر گەورە، وەئەیزەن کتێبەکەش قیمەت و شەرەفێکی زۆر پەیدا ئەکا.

٢٢ی حوزەیرانی ١٩٣٥: تەلەبەیەک

***

لازمە لەسەر کوردەکانمان زۆر مەمنوونی خاوەن گەلاوێژ بن بۆ فکرێ کە کردوویەتی وە حورووفاتێ کە ڕێکی خستووە. لای من هەتا ئێستا کەس قیسسەی وای نەنووسیوە وای ڕێک نەخستووە.

١٩٣٤/١٢/١٥ گوڵانی: شێخ سەلام

***

سەرتاپا تەماشای ئەم تەرجەمەکراوەی کە پڕە لە حیکمەت و عیلم و مەعریفەت و پڕە لە جەوهەر و زانستی و تەشبیە و کینایە و ئیستیعارەم کرد. تەقدیری موتەرجیمەکەی دەکەم. ئیرادەم کردبوو ئەم خزمەتە و ئەم هونەرە من بیکەم، (مع التأسف) من نائیل نەبووم. بەڵام بەم کردەوە کە لەبراییێکی کوردی خۆ وڵاتییەوە کرا، عادەتا وەکوو خۆم کردبێتم وای دەزانم، چونکە بە گەلێ زوبان تەرجەمە کراوە. زوبانی کوردیش کەوتە ڕێزی ئەوان. کەوابوو سەبەبی ئیفتیخارە، ئەی کاکە مەلا کەریم سەعید مەشکوورە. هەموو کەس بەم کردەوەیەت مەسروورە. بۆ تەبعی تەمەننای تەفیقت دەکەم. هەتا ماوم تەقدیر و تەحسین و بۆ تەبع و چاپی ئەم ئەسەرە پڕ گەوهەرە تەشجیعت دەکەم. لە ئێوەوە هیممەت، لەخوداوە تەوفیقتان نیاز دەکەم.

سەعید سیدقی کابان: ١٩٣٦/٤/٥

***

ئەووەڵ تا ئاخر سەحیفەی ئەم گەلاوێژە ڕووناکەم خوێندەوە. زۆر زۆر تەقدیری ساحیبی ئەم گەلاوێژە ئەکەم بۆ خۆی و فکر و تاقەتی کە ئەم کیتابەی تەرجەمە کردووەو، موحەققەق هەرچی ئیخلاسێکی جوان لەم کیتابە دا. بەخۆیی لە زاتیا مەوجوودە. بۆیە ئەمەندە بە تاقەت و تەئسیر ئەم کەلیمانەی ڕەبت و تەرجەمە کردووەو، هەموو بەشەرێک لە ساحێبی گەلاوێژ، ئەوی ئەم نووسراوەی موتالەعە کردبێ. فەوقەلعادە مەمنوونە. ئومێدم وەهایە تەشویقات بکات چەند شەخسێک بۆ خزمەتی عالەم ئەم کیتابە تەبع بکرێ، وەخۆم حازرم بە موعاوەنەت لەگەڵ ساحێبی گەلاوێژ دا.

١٩٣٨/١١/٢٠: ع.ق

***

ئەم کتێبەم خوێندەوە. بە ڕاستی پێویستە خاوەنی سوپاس بکرێ کە لە زوبانی فارسییەوە گۆڕیویەتی بە زوبانی کوردی. وە هیوام هەیە خوێندەوارەکانمان پەیڕەویی بکەن کە زۆر شتی وەها بخەنە ناوەوە. خوێندەوارەکانمان کە زوبانی بێگانە نازانن کەتیی بگەن. وە ئێمەیش هەموو ئامادەین بۆ یاریدەدان، وە یەزدانیش یاریدەی ئێمە ئەدات.

هەڵەبجە ن.م.عەللاف

***

بۆ خاوەنی تەرجەمەی ئەم کتێبە پێشکەشە.

برا شیرینەکەم، زۆر ڕجات لێ ئەکەم بۆ خاتری خزمەتەکەت بە هەوا نەڕوات، بۆ تەبعی هەوڵ بدە. ئەگەر لەسەر نەفەقەی خۆیشت مومکین نابێت، بیدە بە خاوەن مەتبەعەیەک لەچاپی بدا با ئەم ناوە تەئریخییەت لە حەیاتدا بۆ بمێنێتەوەو لەپاش مردنیش ناوت وەکوو سائیری پیاوە بە قیمەتەکانی کورد نەکوژێتەوە. ئیتر ڕجای چاپدانی ئەکەم.

کوردێک

خاوەنی گەلاوێژی کورستان

ئەڵێن بەهەشتە و جێی عەیش و نۆشە
ئەو شتە خۆشە کە دڵی پێ خۆشە

ئەوەندەی عەسکەرێک کە لە برینێکی کوشندە نەجاتی ببێ و، ئەوەندەی پیاوێکی تێنوو لە دەشتێکی چۆڵ کارێزێ ئاو بدۆزێتەوە وەک چاوی قرژانگ ڕووناک بێ و، ئەوەندەی برسییەک کە سکی تێر بێ و، ئەوەندەی مەلایەک کە لەهەموو عیلمێک ئەبێتەوەو شەهادەی عالیی ئەدەنێ و، ئەوەندەی موختەریعێک کە ئیختراعێ ئەکا بۆ ڕەحەتیی بەشەر و، ئەوەندەی قوتابییەک کە وەزیفەی خۆی بەجێ دێنێ و ماموٚستای مەمنوون ئەکات، ئەوانە چەند مەسروور ئەبن دوو ئەوەندە مەسروور بووم کە چاوم بەم کتێبە کەوت و خوێندمەوە. گەلێ شوکرانەی خوام بژارد کەوا شوکر پیاوی وا هەڵکەوتووە لەقەومەکەماندا بۆ خزمەتی ولاتی خۆی هەوڵ ئەدات و نەسیحەت نامەیەکی وا جوان دروست ئەکات بۆ لاوانمان کە عیبرەتی لێ وەربگرێ و بە گوێرەی ئەم پەندانە بجوولێتەوە وە هەر کەسێ بە گوێرەی ئەم پەندانە بجوولێتەوە سەر ئەکەوێ لە گشت ئیشیا، وە دائیما بێ لێکدانەوە هیچ ناکات چونکە ئەم عیبرەتانەی لە بەرچاوە و دووربینی ئەکات لە ئیشیا. وە ئەم کتێبە وەک گەوهەرێ وایە لەبن بەحردا بێ و خاوەنی ئەم کتێبە گەیشتووەتە بن بەحر و گەوهەرەکەی گرتووە بە دەستەوە. ئومێد ئەکەم گەوهەرەکە بگەیەنێتە سەر ئەرز، یەعنی ئەم کتێبە زۆر زوو تەبعی بفەرموێ، بەڵکو تەئسیر بکاتە هەموو کوردەکان و گەلێ کتێب تەئلیف و تەرجەمە بکەن تاکو لەبن بار دەرچین ببین بە سەردار. ناوی باشی میللەتەکەمان بکەوێتە ناو میللەتە باشەکان و پێشکەوتووەکانەوە. ئەنجا یەک ڕجام هەیە، ئەویش ئەوەیە کە زۆر هەوڵ بدەیت بۆ چاپ کردنی و بلاوکردنی، بۆ ئەوەی ئەم پەندانە هەموو کەس بیزانێت و ئیستیفادەی عومومیی لێ بکرێت بۆ وریا بوونەوە.

ئیتر زۆرم نووسی و بۆ مەدح کردنی هێشتا دوو کەلیمەم نووسیوە. ئەنجا دەخیل، سەد دەخیل هەوڵ بدە بۆ تەبع کردنی. هەتا خێراکەی، درەنگە.

٥/١٠/١٩٣٥: ن.ا.س.

***

هەربژی یاخوا خاوەندی. ئەم کتێبە خۆشەویستەم بە تەواوی خوێندەوە. زۆر سوپاسی حیسسییاتی خاوەندەکەی ئەکەم و هیی ئەو کەسەیش کە لێم وەرگرتووە. من بە خەیاڵما نەئەهات کە ئەم کتێبە لە زەرفی چل ڕۆژ دا بکرێ بە کوردی لە فارسییەوە. یاخوا ساحێبەکەی خوا تەوفیقی بدا لەسەر خێر و بیهێڵێ بۆمان کە دائیما ئەم نەوعە خزمەتانە بکات بۆ دوا ڕۆژمان یادگارێکی گەورەیە پێی نازانین. هیوام وایە کە خوا مووەففەقی بکات بۆ تەبع کردنی. وە ڕجا ئەکەم لەو کەسانەی ئەم کتێبە ئەخوێننەوە

له برادەرە کوردەکان کە یاریدەی بدەن خۆیشم حازرم بۆ خزمەت بە هەموو نەوع.

خوا هیدایەتمان بدات لەسەر خێر لەگەڵ ساحێبەکەی.

۱۹٤٥/۹/۲۰ هەڵەبجە : م.ت.رەشید، لەخەستەخانە

***

خاوەنی سیپارەی (گەلاوێژی کوردستان)!

بێ گومان وەرگێڕاندنی ئەم سیپارەیەت هونەرمەندی نیشان ئەدات، وە پێویستی سوپاس و شانازییە. بە ڕاستی بۆ ئەمرۆی خوێندەواران و نویسەرانی کورد تەرجەمە لە تەئلیف کردن زۆر زۆر باشترە. ئومێد ئەکەین کە هەرچی ئەتوانێ پەیڕەویت بکات لەم چەشنە کارانەدا. وەلە خودامان داوایە کە خوا ڕێگەی چاپ کردنیت بۆ سووک و ئاسان بکات.

۱۹٤٥/۹/۲۲ : ع.أ موعەللیمێکی عەبابەیلێ

***

ئەم کتێبەم خوێندەوە. تەشەککوری حیسسییاتی موتەرجیمی خاوەنی ئەم کتێبە ئەکەم.

کوردێک

***

برای هاوخوێنەکان!

بە ڕاستی خاوەن ئەم کتێبە شایانی سوپاس و غیرەتە بۆ تەشجیعی بڕۆین. وە یەزدان یارمەتیمان بدات بیکەین بە دەرسی گشتی لە قوتابخانە کوردەکان بخوێنرێت، پڕە لە مەعنای جوان. هەر بژی خاوەنی ئەم کتێبە.

قوتابی: ت.ع – هەڵەبجە

ئەم کتێبەم بە دیققەت خوێندەوە. حەقیقەتەن شایستەی ستایشە. لەو وەقتەی کە موتەرجیم خەریکی ئەم نووسینە بووە حیسسییات و غەمخواریی ئەم نەوعە ئیشانە کەم بووە. (جداً) تەقدیری جیددییەت و تێگەیشتنی موتەرجیم ئەکرێ.

۱۹٥۱/۸/۲٤: ئەحمەد تەقی

***

چەند چیرۆکێکی ئەم گەلاوێژەم خوێندەوەو، بە خوێندنەوەی سوودێکی فەوقەلعادەم لێ وەرگرت و زۆر مەسروور بووم. بە ڕاستی موتەرجیم زۆر شایانی سوپاسە، وە تەقدیر ئەکرێت بۆ تاقەتی کە ئەم کیتابەی تەرجەمە کردووە لە فارسییەوە بۆ کوردی. ئیتر هەربژی.

۱۹٥٦/٥/۱: بەرزنجی

بۆ خاوەنی تەرجەمەی ئەم کتێبە پێشکەشە!

زۆر بە ئیهتیمام موتاڵەعەی ئەم کتێبەم کرد. وە سوپاس بۆ موتەرجیم مامۆستا مەلا کەریم مەلا سەعید.

١٩٦٣/١٢/١١: برادەرێکت

***

لە دەزگای ئاراسەوە

ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی

داوا لە نووسەرانی بەڕێز دەکەین، ئەوانەی بەرهەمەکانیان لە ڕێگەی دەزگای ئاراس-ەوە بڵاو دەکەنەوە، پیڕەوی لەم ڕێنووسەی خوارەوە بکەن کە ڕێنووسی پەسندکراوی کۆڕی زانیاریی کوردستانە:

یەکەم: گیروگرفتی پیتی (و).
نیشانەی (و) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوە دەنووسرێ:
١- پیتی (و)ی کورت، واتە (و)ی بزوێنی کورت (و: u)
بۆ نموونە: **کورد. کورت. کوشت.**
٢- پیتی (وو)ی درێژ، واتە (وو)ی بزوێنی درێژ (وو: û)
بۆ نموونە: **سوور. چوو. دوو.**
٣- پیتی (و)ی کۆنسۆنانت (نەبزوێن). واتە (و: w)
بۆ نموونە: **ئاوایی. وەرە. هاوار.**
٤- پیتی (ۆ)ی کراوە. واتە (ۆ: o)
بۆ نموونە: **دۆڵ. گۆڕ. نۆ.**

دووەم: گیروگرفتی پیتی (و)ی سەرەتای وشە.
هەر وشەیەک بە پیتی (و) دەست پێ بکات بە یەک (و) دەنووسرێت.
بۆ نموونە: **وریا. وڵات. وشە. ورد.**

سێیەم: گیروگرفتی پیتی (ی):
نیشانەی (ی) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوەیە:
١- پیتی (ی)ی بزوێن. واتە (ی: î).
بۆ نموونە: **زەوی** – Zewî
٢- پیتی (ی)ی کۆنسۆنانت. واتە (ی: y)
بۆ نموونە: **یار** – yar

- **سەرنج ١:** پیتێکی (ی)ی بزوێنی فرە کورت هەیە کە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینیدا نیشانەی (i)ی بۆ دانراوە وەک لە وشەکانی: من – Min ، کن – Kin ، ژن – jin. ئەم نیشانەیە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبیدا نییە.
- **سەرنج ٢:** نیشانەکانی (ی)ی بزوێن و (ی)ی کۆنسۆنانت واتە (î) و (y) لە پیتی عەرەبیدا هەردووکیان هەمان نیشانەی (ی)یان هەیە بەڵام لە ڕاستیدا لە یەکتر جیاوازن و لە کاتی بە دوای یەکتر هاتنیاندا دەبێ هەردووکیان بنووسرێن.
وەک: **نییە. چییە. دیارییەکە. زەوییەکە.**
- **سەرنج ٣:** لە کاتی هاتنی سێ پیتی (ی) بە دوای یەکتردا وەک لە وشەکانی (**ئاواییەکەمان...**) (**کۆتاییەکەی...**) (**وەستاییەکی...**) (**کۆتایی بە کارەکە هێنا**) دەبێ بەسەر یەکەوە بنووسرێن، واتە سێ (ی) بە شێوەی (ییی) بە دوای یەکتردا دێن.

چوارەم: گیروگرفتی پیتی (ڕ)ی گران، واتە (ڕ)ی نیشانەدار. ئەم پیتە لە هەر کوێیەکی وشەدا هات دەبێ بە نیشانەکەیەوە بنووسرێت. واتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتای وشەدا هەر (ڕ)ی گرانی

نیشانەدارە.

وەک: **ڕۆژ. بڕیار. کەڕ.**

پێنجەم: گیروگرفتی پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن (عطف):

پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن، بە شێوەیەکی جیاواز لە وشەی پێش خۆی و پاش خۆیەوە دەنووسرێت و مامەڵەیەکی سەربەخۆی لەگەڵدا دەکرێت.

بۆ نموونە: **من و تۆ. ئارەزوو و وریا.**

- **سەرنج**: لە هەندێک وشەی لێکدراودا پیتی (و)ی بەیەکەوە بەستن بووە بەشێک لە هەردوو وشە لێکدراوەکە و بە هەموویان وشەیەکی سەربەخۆیان دروست کردووە.

وەک: **کاروبار. دەنگوباس. ئەلفوبێ. هاتوچۆ.**

لەم بارانەدا مامەڵەی سەربەخۆ لەگەڵ پیتی (و)ی بەیەکەوە بەستندا ناکرێت و وشەکە هەمووی بەسەریەکەوە دەنووسرێت وەک لە نموونەکاندا پێشانمان دا.

شەشەم: وشەی ناسادە چ ناو بێ یان زاراوە دەبێ بەسەریەکەوە وەکو یەک وشە دەنووسرێن. وەک:

ناو: **چەمچەماڵ. بێکەس. دڵشاد. زوورگەزراو. بێخاڵ. ناڵپارێز. میاندواو. کانیکەوە. سپیگرە.**

زاراوە: **ڕێنووس. ڕێپێوان. دەسبەجێ. جێبەجێ. نیشتمانپەروەر. دەستنووس. دەسبازی. وڵاتپارێز. ئازادیخواز. دووشەممە. سێشەممە. پێنجشەممە. یەکسەر. ڕاستەوخۆ. یەکشەوە** (مانگی یەکشەوە).

حەوتەم: پیتی (ت) لە کۆتای کار (فرمان)دا دەشێ بنووسرێت و دەشێ نەشنووسرێت.

وەک: **دێت و دەڕوات** (یان) **دێ و دەڕوا.**

هەشتەم: نیسبەت لە زمانی کوردیدا زۆربەی جار بەهۆی پیتی (ی) لە کۆتای ناودا دەکرێت.

وەک: **پێنجوینی. هەولێری.دهۆکی. شێخانی.**

هەروەها ئەم نموونانەی خوارەوە:

ئەحمەدئاوا: **ئەحمەد ئاوایی**

یارمجە: **یارمجەیی.**

توزخورماتوو: **توزخورماتوویی.**

شنۆ: **شنۆیی.**

ئاکرێ: **ئاکرێیی** (یان) **ئاکرەیی.**

لادێ: **لادێیی.**

- **سەرنج**: ئەو ناوانەی خۆیان بە پیتی (ی) تەواو دەبن پێویست ناکات (ی)ی نیسبەتیان بخرێتە پاڵ. وەک:

سلێمانی: **کامەران سلێمانی.**

کانیماسی: **حاجی حوسێن کانیماسی.**

ئامێدی: **ئازاد ئامێدی.**

نۆیەم: هەر وشەیەکی بیانی چ هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە، یان هەر ناو و وشەیەکی تر کە لە نووسینی کوردیدا دێتە پێشەوە، دەبێ بەڕێنووسی کوردی بنووسرێت.

وەک: **قەڵەم. ئەکبەر. قاهیرە. ئۆتۆمۆبیل. دۆستۆیفسکی.**

دەیەم: ئامرازی (تر، ترین) کە بۆ بەراورد بەکاردێن دەبێ بەوشەکانی پێش خۆیانەوە بلکێنرێن. وەک:

جوان: جوانتر – جوانترین.

خاو: خاوتر – خاوترین.

• **سەرنج**: ئەم ئامرازەی (تر) جیاوازە لە وشەی (تر) کە بەواتەی (دی، دیکە) دێت. ئەمەی دوایی دەبێ بە جیاواز لە وشەی پێش خۆی دەنووسرێت.

وەک: **ماڵێکی تر، چیی ترم ناوێ.**

یازدەیەم: جێناوی نیشانەی وەک: ئەم. ئەو. ئەڤ.

ئەم جێناوانە ئەگەر ئاوەڵکاری (کات - یان - شوێن)یان بەدوادا هات پێیانەوە دەلکێن و دەبن بە یەک وشەی سەربەخۆ.

وەک: **ئەمشەو. ئەمڕۆ. ئەڤسال. ئەمجارە. ئەمبەر و ئەوبەر. ئەڤرۆ.**

دوازدەیەم: نیشانەکانی نەناسراوی وەک (...یەک، ...ێک، ...ەک) بە شێوەی خوارەوە دەچنە سەر وشەکانی پێش خۆیان:

١- ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنەکانی (ا، ی، ە، ێ) تەواو بووبن ئەوا نیشانەی (...یەک)یان دەخرێتە پاڵ. وەک:

چیا: چیایەک.

زەوی: زەوییەک.

وێنە: وێنەیەک.

دێ: دێیەک.

٢- ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنی (وو) یان هەر پیتێکی دەنگدار (نەبزوێن: کۆنسۆنانت) تەواو بووبن ئەوا نیشانەی (ێک - لە کرمانجیی خواروو) و نیشانەی (ەک)یان لە کرمانجیی سەروودا دەچێتە سەر.

خانوو: خانووێک، خانووەک

گوند: گوندێک (کرمانجیی خواروو)، **گوندەک** (کرمانجیی سەروو).

ژن: ژنێک (کرمانجیی خواروو)، **ژنەک** (کرمانجیی سەروو).

سێزدەیەم: گیروگرفتی پاشگرەکانی (دا. ڕا. وە. ەوە)

ئەم پاشگرانە بە وشەکانی پێش خۆیانەوە دەلکێنرێن. وەک:

دا: **لە دڵدا** (هەر برینێ کە لەدڵدا هەیە سارێژی کەن). (خەمێکم لەدڵدایە).

ڕا: **لە ئامێدیڕا** (لە وێڕا بەپێ هاتووین). (لە خۆڕا دڵی گۆڕاوە).

وە: لە چوارچراوە (لە وێوە هاتووین).

ەوە: بە ماڵەوە (بە ماڵەوە ڕۆیشتین).

(جارێکی تر نووسیمەوە). (خانووەکەم کڕییەوە).

• **سەرنج**: پاشگری (دا) جیایە لە وشەی (دا) کە فرمانە و چاوگەکەی (دان)ە.

وەک: **تیرێکی لە دڵی دا. تیرێکی لە دڵی داوم.** ئەم (دا)یەی فرمان بە جیا دەنووسرێ.

چواردەیەم: گیروگرفتی پێشگرەکانی (هەڵ. دا. ڕا. وەر. دەر)

١- ئەم پێشگرانە کاتێ دەچنە سەر چاوگ یان فرمان یان هەر حاڵەتێکی تر پێیانەوە دەلکێن بە مەرجێ جێناوی لکاو نەکەوتبێتە نێوان پێشگر و وشەکەی دوای خۆی. وەک:

* چاوگ:

هەڵ: هەڵکردن. هەڵگرتن. هەڵکورمان. هەڵکێشان.

دا: دابڕان. داخستن. داڕمان. داکردن.

ڕا: ڕاگرتن. ڕاکێشان. ڕاپەرین.

وەر: وەرگرتن. وەرسووڕان.

دەر: دەرکردن. دەرهێنان.

* فرمان:

هەڵ: هەڵگرە. هەڵمەخە. هەڵکشێ.

دا: دانێ. دامەبڕە.

ڕا: ڕاکێشە. ڕامەپەڕێنە.

وەر: وەرگرە. وەرسووڕێنە.

دەر: دەربێنە. دەرخە.

* حاڵەتی تر. وەک:

هەڵکشاو. هەڵنەکشا. دانراو. ڕاپەڕیو. ڕانەپەڕیو. وەرگرتوو. وەرگرتە. دەرخراو. دەرکراو.

٢- ئەگەر جێناوی لکاو کەوتە نێوان پێشگر و فرمانەکەی دوای خۆی ئەوا بەجیا دەنووسرێن و جێناوەکە بە پێشگرەوە دەلکێنرێ.

هەڵ: هەڵم گرن. هەڵیان کەن. هەڵمان کێشن. هەڵمان مەواسن.

دا: دامان نەنایە. دایان خەن. دای بڕە.

ڕا: ڕایان دەگرین. ڕام کێشە. ڕام پەڕێنە. ڕاشیان پەڕێنن.

وەر: وەرمان گرتایە. وەری نەگری. وەریان سووڕێنەوە.

دەر: دەریان پەڕاندین. دەری خە.

پازدەیەم: گیروگرفتی وشەی لێکدراو.

ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی فرماندا بوو، بەجیا دەنووسرێن:

ڕێک دەکەوین. پێکیان هێناینەوە. پێک نەهاتین. یەکیان نەگرتووە. دەستمان نەکەوت.

بەڵام ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی چاوگ یان حاڵەتی تردا بوو ئەوا هەردوو وشەکەوە بە یەکەوە دەلکێنرێن.

وەک: **ڕێککەوتن. پێکهاتن. یەکگرتن. دەسخستن. یەکگرتوو. دەسکەوتوو. پێکهاتە.**

شازدەیەم: ئامرازی (ش)ی تەئکید کەوتە هەر شوێنێکی وشەوە دەبێ بە بەشێک لە وشەکە و نابێ بە هۆی لەتبوونی وشەکە.

وەک: **بشتەوێ ناتدەمێ. نەشخۆی.** گوتی دێم... **نەشهات. نەشمانگرتن. بشمانبەن.**

***